
# پێشەنگ

پووشپەڕ ١٣٧١

١٣

خوێنەرانی بەرێز ،

**دۆستان و لایەنگرانی هونەری کرێکاری !**

**کانوون بۆ بەرەو پێش بردنی ئەرکەکانی، پێویستی بە یارمەتی ماڵی ئێوە هەیە! بە هەر ئەندازەیەک کە دەتوانن و لە دەستتان دێ و لە هەر رێگایەکەوە کە بۆتان دەکرێ ، یارمەتییەکانتان بە ئێمە بگەیەنن .**

ئادرەسی کانوونی یارمەتی بۆ کوردستان - کۆلن

V.H.K
P.F 420652
5000 KOLN 41
GERMANY

**بۆ پێشەنگ نامە بنووسن!**

لە سەر ئەو بەرهەم و نووسراواندی کە لە پێشەنگ دا چاپ دەکرێن، هەر ڕەخنە و پێشنیارێکتان هەیە بۆمان بنێرن ٠ ئەمە گۆڤارەکەمان هەرچی گەشەدارتر دەکا ٠

# پێشەنگ ١٣

پووشپەری ١٣٧١ ـ کانوونی هونەرو ئەدەبیاتی کریکاری ـ کوردستان


## وێنەکان


درم بخش سەر بەرگ

درم بخش ٦٦

درم بخش ٦٧


## رەخنەولێکولینەوە


رەخنەکانی لینین دەربارەی تولستوی ١

شەبەق کردوویە بە کوردی

* ویرس شاعیری پرولیتاریا ٨

نووسینی: فردریک انگلس

وریا کردوویە بە کوردی


## چیرۆك


* دارشتن ١٣

نووسینی: ئەنتونیو سکارمیتا

مستەفا صالح کریم کردوویە بە کوردی

* کدوشەکانی خوشکم ٢١

نووسینی رحمان بیساران

وریا کردوویە بە کوردی

* ئیختراع ٢٨

نووسینی: بهمن سالاری

* خورە تاو ٣٣

موسس ئارازی

ن. حسامی کردوویە بە کوردی


## شێعر و پەخشان


* گورانی گەورەترین ئارەزوو ٣٥

احمد شاملو

ن. حسامی کردویە بە کوردی

* رانەهاتن ٣٦

احمد بازگر

* چون بوت بدویم ! ٣٧

احمد بازگر

* تەکان ٤٢

ن. حسامی

* من بەهارم خوش دەوی ٤٣

شەبەق

* تا زەمزەمەی شایی بەهاریکی ـ ٤٤

ئاگرین

شەبەق

* هیز لە اتحادیە دایە ٤٥

جەوهیل

ریبوار کردوویە بە کوردی

* کچی شورشگیر ٤٧

جئوهیل

ریبوار کردوویە بە کوردی

* کارگا ٤٨

عبدالقادر سعید

* دەی هاوریيان ٥٠

کاوە

* لەم جیهانە ئاوەژوەدا ٥٢

سەعیدی قایشی

* بانگەوازیک ٥٣

داستان

* ناساندنی کتیب ٥٥

* یادداشتیک ٥٦

* وەلامی نامەکان ٥٨

نامەیەک ٦٠



# ڕەخنەکانی لێنین دەربارەی تۆلستوی

**شەبەق**
کردوویە بە کوردی

پیشەکی

رخنەکانی لینین لە " تولستوی" لە ریزی بەر چاوترین رخنەکانی مارکسیستی دەربارەی هونەرن. مەقالەکانی لینین کە بە شیوەیەکی هەمە لایەنەی تاریخی و کومەلایەتی بەرهەمەکانی تولستوی دەدەنە بەر رخنە، دەس مایەی دەرس و ئەزموونی بە نرخن.

لە سەر ئەو ئەساسە کە زانین و ئاگادار بوونی کریکاران، بەتایبەت پیشروانی کریکاری لەم رخنانە بە کەلک و پیویستە، ئیمە بە ئەرکی خومان زانی تەرجەمەی کوردی یەکەیان بخینە بەر دەستی کریکارانی کوردستان.

لە بەر ئەوەی تەرجەمەی فارسی مەقالەکانی لینین بە قەلەمی ئاغای "مهدی سپهر" کە سالی ١٣٥٨ ئینتیشاراتی "شباهنگ " چاپی کردوون، خوی جیگای باس و رخنەیە، ناچار بووین سەر لە نویی لە ئینگلیسییەوە بیکەینەوە فارسی. تەرجـەمەی کوردی ئەم مەقالەیە لە سەر ئەساسی تەرجەمەی " فریدون ناظری"یە کە لە ئینگلیسییەوە کردوویە بە فارسی.

"پیشـەنگ "

# رەخنەکانی لینین ...

..ۆن تولستوی نەماوە. بەلام وەک هونەرمەندیکی گەورەی جیهان و ناوو ناوبانگە جیهانی‌یەکەی وەک موبطیغ و بلیمەتیک، هەر کام بە شیوەی خوی نمایەک لە گەورەیی و مەزنی شورشی رووسیە لە تەواوی دنیا نیشان دەدا.

لئون تولستوی لە زەمانیک دا وەک هونەرمەندیکی گەورە ژیـا، کە نیزامی زال بە سەر ژیانی رووسیە نیزامی ئاغا و رەعییەتی واتە فئودالی بوو. هیشتا "سـرواز" چنگی بە سەر زەوی‌دا داگرتبوو. تولستوی لەم روزگارە و لە ماوەی نیو سەدە دا کە سەرجەمی بەرهەمە گەورەکانی دەگریتەوە، رووسیەی کون یانی رووسیەی بەر لە شورشی لە تابلوی داستانەکانی دا نەخشاند. ئەو رووسیەی کە تەنانەت دوای ١٨٦١یش، هیشتا هەر لە حالەتی نیوە فئودالی دا مابووە. تولستوی لە گەل نەخشاندن و زیندوو راگرتنی ئەم دەورەیە لە تاریخی رووسیە، چەندها مەسئلەی زور گەورە و گرینگی بە شیوەیەکی ئوستادانە هینایە گور و وە ها لە لووتکەی بەرزی هونەری نزیک بووە کە نووسراوەکانی چوونە ریزی گەورەترین بەرهەمە ئەدەبییەکانی دنیـا. روزگاری تولستوی روزگاری خو تەیار کردن بو شورش بوو، شورش لە یەکیک لە ولاتانی ژیر دەستی خاوەن رەعییەتەکان. بەرهەمەکانی تولستوی لەو روزگارە دا وە لە تەکاملی هونەری بەشەرییەت دا بە گشتی هەنگاویکی بەرەو پیش بوون. ئەم پیشرەوییە بە رەنگ دانەوەی مەسئلەکانی ئەو زەمان لە نیو بەرهەمەکانی تولستوی بە دەس هـات.

تـولستـوی هونەرمەند تەنانەت لە رووسیەش کەم ناسراوە. بو ئەوەی بەرهەمە مەزنەکانی بکەنە بەر دەست و هەستی هەمووان، پیویستە خەباتیک بکری. خەبات لە دژی ئەو نیزامە کومەلایەتییەی کە میلیونان و دەیان میلیون ئینسانی بە ژیان لە تاریکایی نەزانی و توانەوە لە ژیر کاری تاقەت پروکین دا مەحکووم کردوە. غایەتی ئەم خەباتە شـورشـی سـوسیـالیستـی‌یە.

دوای سەرکەوتن بە سەر دەرەبەگ و سەرمایەداران و دابین کردنی هەل و مەرجیکی ئاسایی بو ژیان، خەلک دە توانن بو هەمیشە لە بەرهەمەکانی تولستوی ریز بگرن.

گەورەیی تولستوی تەنیا لە خولقی ئاساری هونەری دانیە، تولستوی ... هیزیکی بزوینەر و سەرکەوتوانە، ئەخلاق و رەوشتی جەماوەری بەرینی خەلکی نەخشاندوە و خستوویەتە بەر چاو و رووی کەسانیک کە خویان بە دەستی نیزامی حاکم دەچەوسینەوە. تولستوی بە شیوەیەکی سەرکەوتوانە حال و وەزعی ئەم خەلکە دینیتە بەر چاو و رق و نەفرەت و هەستی خورسکی ئەوان نیشان دەدا. بەم جورە تولستوی هەم وەک بلیمەت و موبەلیغ و هەم وەک هونەمەندیکی گەورەی سالەکانی ١٩٠٤ - ١٨٦١، بە شەهامەتیکی کەم وینە، تایبەت مەندییەکانی تاریخی شورشی هەوطی رووسیە بە بەرز و نزمی و خالەکانی سەرکەوتن و کەم و کورییەکانیەوە لە بەرهەمەکانی دا دینیتە کایـــەوە.

یەکیک لە تایبەت مەندییەکانی شورشی ئیمە "بورژوا - دەهقانی" بوونی ئەو بوو، ئەویش لە روژگاریک دا کە سەرمایەداری لە سەرانسەری جیهان بە بەرینی پەرەی سەندبوو و کەم تا۔ کورتیکیش رووسیەی گرتبووە. ئەم شورشە بورژوایی بوو، چونکە ئامانجی دەس بە جیی رووخاندنی پاشایەتی و لیخستنی قەدەرقودرەتی تزاری بوو. ئامانجی سەرەکی کورت کردنەوەی دەستی مالیکان لە سەر زەوی و زارەکان و کوتایی هینان بە چاو و راوی خان خانی ئەوان بوو. لە بەر ئەوە لە بیدایەتی دا دەستەلاتداریەتی بورژوازی نەخستە مەترسی رووخانەوە. بە تایبەت کە خەلکی فەقیری دیهاتەکان، قەرە و فەلا و رە عییەتەکان لە سەر خەبات بو رووخانی بورژوازی ساغ نەبوون. ئەوان نەیان دەزانی رووخانی بورژوازی بوچییە و چ ئامانجیکی دەس بە جیی بە دواوەیە. ئەم شورشە "بورژوا ـ دەهقانی" بوو، چونکە لە لایەک ئال و گوری بنەرەتی لە ژیانی خەلکی دیهات دا پیک هینا، نیزامی کونی زەمینداری و یاسای سەدەکانی ناوەراستی تیک دا و ریگای بو پەرەسەندنی نیزامی سەرمایەداری خوش کرد. لە لایەکی تریشەوە ئەو هە ل ومەرجەی رەخساند کە جەماوەری بەرینی خەلکی لادی کەوتنە ناوەندی جولانەوەیــەکی میژووی تازە. جولانەوەیەکی تازە و کەم تا کورتیک سەر بە خـو.

لە بەرهەمەکانی تولستوی دا، بە وردی نوقتە قووەت و زەعفەکانی شورشی فەلایی رووسیە، لە چوار چیوەی تەنگی خوی دا دەبیندری. ئیعترازی قیناوی پر کوڵ و کەف، جار جارە توند و بی دەربەستی دژی دەولەت و کلیسای دەولەتی کە هاو دەستی پولیس بوو، نیشانەیەک لە هەلخرانی کوڵ و کوی جەماوەری فەلای رووتی ئازادیخوازە. ئەم فەلایانەی کە چەندین سەدە سەر باقی زەخت و زور و باری بیکاری و هەژارییان بە زەویشەوە بەسترابوونەوە و لە داخی تالان و برو و ملهوری دەولەتی و دزی و تەکفیر و تەکەبوری کلیسای "ژزوئیت" و ریاکاری و داب و دەهوی ئەوان وەک کوورەی ئاور نیڵەیان دەهـات. دژایەتی توند و تیژ و هەڵشاخانی تولستوی بە مولکداری تایبەتی و خاوەن زەوییەکان، قسەی دل و دەروونی جەماوەری فەلا لە روژگاریک دا بوو کە دەستەلاتی کونی سەدەکانی ناوەراست، چ لە شکلی ئەرزی و چ وەک بەشی (سهـام)ی دەولەتی، لە سەر ریی پیشکەوتنی داهاتووی ولات ببوونە کوسپ و تەگەرەیەکی وەها کە لادانی ئەم نیزامە واجبیکی میژوویی بوو. دەبـوایە ئەم شیوە و نیزامە بە تەواوی و بی بەزییانە لە ریشەی بدری. ئیدیعا نامەکانی یەک بە دوای یەکی

تولستوی لە دژی سەرمایەداری کە بە گوڕ و گوف و رقی تـوندەوە دەی نووسین، نیشانەی ترس و خوفی فلای باب مەزنی(پدر سالاری) لە دوژمنیکی تازە هاتووی نەدیتو و نەناسیو بوو. دوژمنیک کە تازە دەهات لە دلی شار و شوینی دیکەوە سەر هەلبدا. ئەم دوژمنە دەهات تا "پایە" و بنەرەتی ژیانی فلایەتی لە رەگ و ریشەوە دەربینی. دەهات تا شان بە شانی بارهینانی خوی، تووی دەستەنگی و برسیەتی، روژی رەشی کولەمەرگی، هاری و وەحشیگەری، فەساد و فەحشا و سفلیسی بی سابیقە لە کیلگەیــەکی تازە دابچینی. ئەوانە ئەم موسیبەتانە، دووانەی زگی بوون کە هاو کات و پی بە پی دەوری هەوەلی بەرهەمهینان (انباشت اولیە) دەهاتنە روو. هاتنی ئەوانە بو رووسیە بە مودیرنترین شکلی تـالان، لە تیپ و سیمای مسیـو کوپون* دا زور هونەرمەندانە و پر بیز نەخش کراوە.

وە بەلام ئەم نارازییە پر هەستە، ئەم رەخنەگرە گەورەیە کە قامک لە چاوی تانە لیدراوانی رودەکا، لە ناو بەرهەمەکانی دا وا دەردەخا کە نە توانیویەتی هویەکانی ئەم بوحرانە بناسی کە رووسییان خستبوە مەترسی و مەرگە وە، وە نە ریگای دەرباز بوون و رزگاری بینیـوە. ئەمەش ری و راست تایبەتمەندی فلایەکی ساویلکەی دەورانی باب مەزنی (پدر سالاری) نیشان دەدا. هەلبەت ئەمە شایستەی نووسەریک نیە کە لە ئوروپا دەرسی خویندبی. خەباتی تولستوی لە دژی دەولەتی فئودالی و لە دژی پاشایەتی دیتـەوە سەر دەست کیشانەوە لە سیاست و ئاموزشی "دەس نەکردنەوە لە بەرانبەری شـەر و خراپە" کە وەک دەرس و ئائینیکی نوی پەرەی پی دەدا. بەم جورە تولستوی بە گشتی خوی لە خەباتی شورشگیرانەی جەماوەر لە سالەکانی ١٩٠٧ - ١٩٠٥ دوور و تەریک دەکاتــەوە.

شـەری تولستوی کە لە دژی کلیسای رەسمی بوو، سەرەنجام بوو بە مەوعیزە و تەبلیغ بو مەزهەبیکی تر، مەزهەبیکی تازەی پالیودراو. مەزهەبی تازەی تولستوی ژەهریکی تازە بوو کە زور وشیارانە دەبرایە میشکی خەلکی بەش مەینەت و چەوساوە و بیـر و زەینیانی پی گوش دەکـرا. دژایەتی تولستوی لە گەل مولکداریەتی تایبەتی خاوەن زەوییەکان نەی کرد بە خەباتیکی هەمەلایەنە دژی دوژمنی راستەقینە یانی دژی زەمین داری و چەکی سیاسی و هیز و قودرەتەکەی کە دەولەتی پاشایەتی بوو. خەبات و دژایەتی تولستوی بوو بە ئاە و نـزوولە دەبرینیک کە لە نیـو سەکـری بی هیزی و زەبونی دا توایەوە. رسـوا کردنی سەرمایەداری و دەنگ هەلبرین دژی ئەم کولەمەرگیەی کە بە سەر خەلک دا داسەپاوە، لە گەل بی وسـق و وازی لە ئاست خەباتی رزگاری بەخشی پرولیتاریای سوسیالیست و ئەنترناسیونالیست روبەروو بوو و سڵـی لیّ کــــرا.

ئەم دژایەتیەی کە لە بوچوونی تولستویدا خوی نیشان داوە، تەنیا دژایەتی زاتی بوچوونی ئەو نین. بوچوونی وا رەنگ دانەوە و شەبەقی شەرایتی ژیانی سەردەمی خوی و کار تیکردنی کومەلایەتی و داب و نەریتی کون و میژووی یەکجار پر گریّ و گوڵە، ئەم بوچوونە لە دەوری

---

* مسیو کوپون نازناویك بوو كە لە ئەدەبیاتی سالەكانی ٨٠ و ٩٠ی سەدەی نوزدە بو سەرمایە و سەرمایەداران دانرابوو. هەوەل جار گلب اسپنسكی نووسەری رووسی، ئەم ناز ناوەی بو تەعنەكانی خوی بە ناوی " گوناهە دەردناكەكان" بەكار برد.

دوای "اصطلاحات" و بەر لە شورش، چونیەتی ژیانی چینە جوربەجورەکانی ناو کومەل دەخاتە روو.

لە سەر ئەساسیکی وا هەلسنگاندنیکی دروست لە تولستوی، تەنیا لە بوچوونی چینیک دەوەشیتەوە کە بە خەبات و دەوری سیاسی خوی لە سەرەتای کردنەوەی هەموەلین گری پوچکەکان و لە سەر و بەندی ئینقلاب دا، بە دنیای سەلماند کە ئەوە، ئەوە کە دەبی بو ئازادی و رزگاری خەلک لە چنگ چەوسانەوە رابەر بیت. چینیک کە بە بی پوز و فیز لیدان و خو هەلکیشان باوەری بە دیموکراسی هەیە و نیشانی داوە کە دەتوانی دژی چوارچیوەی تەنگی دیموکراسی بورژوایی و (هەر وەها دیموکراسی فەلایی) و فیل و فەرمجیان بوەستی. ئەم هەلسنگاندنە تەنیا لە بوچوونی پرولیتاریای سوسیال دیموکرات دەوەشیتەوە و بەس.

ئەگەر چاویک لەو قەزاوەتانە بکەین کە لە پروپاگەندی دەولەتی دا لە سەر تولستوی نووسراون و بلاو کراونەوە، بە ئاشکرا دەبینین کە چون فرمیسکی درووینە بو تولستوی هەلدەوەرینن. ئەوان هاوکات لە گەل ئەوە کە ئیحتیراماتی خویان پیشکەشی "نووسەری مەزن" دەکەن، لە "سینود"ی* موقەددەس پش دیفاع دەکەن. ئەوان تولستوی دەکەنە"پدر مقدس" و بەم جورە تووشی کار و هەلویستیکی ناعادلانە و بگرە زور بیشرمانەش دەبن.

سینودی موقەددەس خوی پیشتر تولستوی بە لەعنەت کردبوو، هەر چەند ئەم لەعنەت کردنە خراپ نەبوو. بەلام لە کاتی گیانەلالا دا قەشەیەکی دەبەنە سەر سەری تاکوو خەلک هەلفریوینو وا نیشان بدەن کە گویا تولستوی "توبە"ی کردوە. ئەمما ئەو روژەی کە خەلک بە حیسابی بەرپرسانی دەولەتی قەزاقستان بکەن، ئەو روژە کە بە حیسابی ژاندارمەکانی مەسیح و ئەو لیپرسراوە خویریانە بکەن کە لایەنگری بەرنامەی دژی یەهوودیان دەکرد و چەپەل کاری و سەرکەوتنەکانی دار و دەستەی تزاری وەک "بلاک هاندرد"یان بە چەپلە ریز دەقواستەوە، ئەو دەمە کە ئەو شاکارەیان دیتەوە بیر.

ئەگەر چاویک بەو تاریفاتانەدا بخشینین کە روژنامە لیبرالەکان لە وەسفی تولستوی نووسیویانە، دەبینین ئەوان خویان بە ریز کردنی وشەی پوچ و بی مایەی رارایانە و قسەی بە زاهیر پروفسورانەی ورشەداری پوچ هەلدەکیشن. وەک ئەوە کە : "دەنگی بەشەرییەتی پیشکەوتوو" ، "رەنگ دانەوەی هەاوادلانە لە بەرانبەردنیا" ، " چەند ئیدەیەک لە بارەی حەقیقەت و خیر و چاکە" و شتی پوچی لەو قوماشە.

تولستوی هەر بە خاتری ئەو شتانە ـ دروست بە خاتری ئەو شتانە ـ علمی بورژوایی دایە بەر پەلامار و رەخنەی توند. ئەوان ئیدیعا دەکەن، گویا لە بەر سانسور ناتوانن بە شیوەیەکی راشکاو لە بوچوونی تولستوی لە بارەی دەولەت و کلیسا و مولکداری تاکە کەسی و سەرمایەداری بدوین و بینە قسە. بەلام مەسلە دروست بە پیچەوانەی ئەو شتیە. بە حەقیقەت ئەوە سانسورە کە ئەو نووسرانە یارمەتی دەدا تا خویان لە گیژی سەر لی شیواوی خویان کە تووشی هەن،بیەرینەوە. بیدەنگی ئەوان لەم بارەیەوە ریک لە بەر ئەوەیە کە

---

* سینود: رەئیسی گەورەی کلیسای ئورتودوکسی رووسیە بوو.

ڕەخنەکانی تولستوی وەک شەپلاخە ڕوومەتی لیبرالیزمی بورژوایی سوور هەڵدەگیری. بویە بی دەنگن، چونکە شیوە نووسینی جەسوور و بی ڕەحمانەی تولستوی بۆ دەربرینی ناخوشترین دەردەکان و پر ئازارترین مەسەلەکانی روزگاری ئیمە وەک مستیکی توند وە دەمیان دەکەوێ. وەک مستیک کە دەم و پلی کاویژ کەری شتی کون و دووپات کردنەوەی گەوجییەتی سیاسی نووسانی رارا(لیبرال ـ نارودنیک) دەکوتیتەوە. دەمی ئەوانە کە بە درو لافی "پیشکەوتوویی" لیدەدەن و ڕەنگی "شارستانییەت" لە ڕوویان هەڵدەسوور.

هەموو لیبرالەکان لە دژی سینود لە گەڵ تولستوی هاو نەزەرن. وە بەڵام هەموویشیان دەستیان لە گەڵ ویخیستەکان تیکەڵاوە.

بە ڕای ئەوان لە گەڵ ویخیستەکان "دەکری موافق نەبی" بەڵام "پیویستە" لە حیزبیک دا، هاو شانی یەک بژین. "پیویستە" لە ئەدەبییات و سیاسەت دا یاریدەدەری یەک بن. هەر ئەو ویخیستانە کە جیێ ڕیز و ئیحتیرامی لیپرسراوانی کلیسان.

لیبرالەکان تولستوی بە "ویژدانی مەزن" ناو دەبەن. ئایا ئەمە جگە لە تاریفیکی پوچ دەتوانی چی دیکە بی، کەوا گوڤاری کونە پەرستی نوی ورمیە و تەواوی ڕوژنامە هاو خەتتەکانی بە هەزار و یەک شیوە دەیریسن؟ ئایا ئەمە خو بواردن نیە لە مەسایلی موشەخەسی دیموکراسی و سوسیالیزم کە تولستوی هینابوونیە گور؟ ئایا ئەم جورە قسە کردنە، بە جیگای دەرخستنی هوش و باریک بینیەکانی تولستوی، نابیتە هوی ئەوە کە تەعەسوب و پیش داوەرییەکانی گەورە بکرینەوە؟ یا بە جیگای ئەوە کە ئاسوی داهاتووی دەربخری، ڕوالەتی کون و ڕابردووی دیسان زیندوو بکریتەوە؟ یان بە جیگای ئەوە کە نارەزایەتی توندی بە سەراپای ژیان و دەسەلاتداریەتی چینایەتی نیشان بدری، سیاسەت و موعیزە ئەخلاقییەکانی بو بردنە سەری پلەی کەسایەتی ئینسان، بکریتە بنیشنە خوشە؟

تولستوی نەماوە و ڕووسیەی بەر لە شورشیش کە لاوازی و کەم و کورییەکانی لە فەلسەفە و بەرهەمەکانی ئەو هونەرمەندە گەورەیە دا هاتوونە کایە، چوەتەوە لاپەرەکانی میژوو. بەڵام میراتیک کە لە تولستوی جی ماوە ئیتر هی ڕابوردوو نیە. ئەمە بە داهاتووان دەبری. پرولیتاریای ڕووسیە مانای ڕەخنە کانی تولستوی لە دەوڵەت و کلیسا و مولکداری تاکە کەسی بو کریکاران و زەحمەتکیشان شی دەکاتەوە. لەمە بەو لاوە پرولیتاریا ناهیلی جەماوەری خەڵک بە سوفی گەری و بردنە سەری پلەی کەسایەتی و ژیانی خودایی و شتی وا هیچ، خویان ببستنەوە. بە پیچەوانە تیدەکوشی تا جەماوەری بەرینی خەڵک بو دەس وەشاندنیکی تازە لە حاکمییەت و دەستەڵاتی پاشایەتی و پاشماوەی مولکداری، تەیار و یەکگرتوو بکا و هەڵیانخرینی، دەس وەشاندنیکی بە هیزتر لە زەربەی سالی ١٩٠٥، زەربەیەک کە ئیتر بە یەکجاری مولکداری و پاشایەتی لە ڕەگ و ریشەوە هەڵتەکینی.

---

* ویخیستەکان ئەو ڕووناکبیرە بورژوایانە بوون کە لە ١٩١٠ دا خویان ئاشکرا کردبوو. ئەوان حاشایان لە بزووتنەوەی شورشگیرانەی ١٩٠٥ کرد و دەستیان دابوە تاریف و ستایشی تـزار. چونکە ئەو بە یارمەتی "زیندان و سەرنیزەکان"ی بورژوازی لە دەس"توفانی تووڕەیی جەماوەر" دەرباز کردبوو.

پرولیتاریای رووس رەخنەکانی تولستوی لە سەرمایەداری بو جەماوەر شی دەکاتەوە ـ بو ئەوەی کە خەلک خویان هەر بە تف و نفرین و هات و هاواری دژی سەرمایە و سکالا لە پول پەرستی و شتی وا خەریک نەکەن. پرولیتاریای رووس دەیەوی کومەلانی خەلکی کریکار و زەحمەتکیش فیـــر بن کە لە هەر هەنگاونانیک دا لە ژیان و خەباتەکەیان لە دەسکەوتی کومەلایەتی و فەننی سەرمایەداری کەلک وەرگرن، فیـــر بن لە سپـای یەکگرتووی میلیون میلیون خەباتکاری سوسیالیزم دا خویان ریک بخەن. خەباتکارانیک کە سەرمایەداری لە ریشەوە هەلدەکـەنن و دنیایەکی تازە لە بوونیادییەوە دروست دەکەن. دنیایەک کە لە ناوی دا فەقیری و هەژاری و چەوساندنەوە و فیل و کەلەک و زیف و زەرەردان لە یەکترین، و تەواوی نەکبەتی دنیای چینایەتی چووبیتە تویی ئەفسانەکانی کـــون!

# ویرس
# شاعیری پرۆلیتاریا

نووسینی: فردریک انگلس

وریـــــا

له ئینگلیسی‌یه‌وه کردوویه به کوردی

ســرروودی شــاگــرد

که دار گیلاس ئال و سپـــــی
سپی سپی گوله‌کانی ده‌پشکووتن
شانوی ژیانی ره‌ش ره‌شی ئیمه‌ش
له ده‌م زه‌مـــانه‌وه هاته گوتن

ئیمه له‌و کاته‌دا،
که شکوفه‌ی دار گیلاسه‌کان ده‌پشکووتن
له شاره جوانه‌که‌ی فرانکفورتی مه‌زن دانیشتبووین،

◆

خانه‌خـویمان وه‌ستـــایـه‌ک بـــوو
وه‌ستایه‌کی خوین تالی که‌ته و ورگن
وه‌ستـــا پیی گوتم:
"هـــوی شاگرد!
لیباسه‌کانت، پیس و شـــر و درن."
وتـــم: جـــاری،
جاری له به‌رگ و لیباسمان گه‌ری
من ئه‌وه خه‌ریکه له برسان قـــرم هه‌لی
با ئه‌و گوشت و مه‌زه و شه‌رابه ئالعت،
بیکه‌وه بخـــوین.
جه‌نابی وه‌ستا که‌میک راده‌مینێ و
ئینجا نه‌رم نه‌رم پێده‌که‌نێ!

◆

له سەر چەپەری هیلانەکەی
کەلەبابیک بە ناوەخت بانگ دەدا.
شـــەبولی دەنگیکی خـــوش
بەپەنا گویما تیدەپەری
زارم ئاوە زی دەبی و
جەنابی وەستاش چاک دەزانی کە چیم دەوی!
بە ورگـــی خیگەوە دیت و دەچـــی،
دیت و دەچـــــی و لە جیاتی کەلەباب
کەرویشکە توپیویکی،
چوار پەل راکشاوی بە دەستەوە و
بومان دینـــــی.
کەرویشک دەلیی تەرم و جەنازەیە و
دووراو دووریش ئینســـــان دەترسینی.

◆

کاتی بە زگی بـرسـی
لە نوینی شـــری شـــەوا رادەکشیین
نویژ و تاعەتی شەوانەمان وەبیر دەهیننەوە.
لە ناو ئەو نوینانەی کە تا درەنگانی شەو
لەشکریک میشوولەی خوین مژیش
دەمرین و هەر لە ئیخەمـان نابنەوە.

◆

ئیمە لە فرانکفورت
لەو شارە مەزن و خـوشە
ئاوا ژیانمـــان دەچیتە ســـەر
میشوولەی خو پریش خوینمان دەمـــژن

هەر کەس سالێ
لێرە ژیابـــێ
بێ شک دەزانێ باری، قورسی رەنج
کێ هـەڵی دەگـــرێ!

◆

ئەم شیعرەی هاوریی هاوبەشمان "ویرس" م لە نیو کەل و پەلەکانی مارکس دا دوزییەوە. ویرس، یەکەمین و گرینگترین شاعیری پرولیتاری ئالمان، کوری خیـــزانیکی راینلەندیە و لە دتمولد لە دایک بووە. باوکی ویرس لەو شارە بەریوە بەری کلیسا بوو. سالی ۱۸۲۳، کاتیک من لە منچستر بووم، ویرس وەک نوینەری ئەو شرکەتە ئالمانیەی تییدا کاری دەکرد هات بو برافورد و ئیمە زوربەی یەك شەممەکان پیکەوە بە خوشییەوە رامان دەبوراد. سالی ۱۸۴۵، کاتیک من و مارکس لە بروکسل دەژیاین، ویرس نوینەرایەتی قارەیی بو شرکەتەکەی بە دەس هینا و وای ریکخست کە بروکسل بووە شوینی ستادی کارەکەی. پاش ئینقلابی ۱۸۴۸ی مونیخ، هەموومان لە مونیخ یەکمان گرتەوە تا "روژنامەی راینی نوی" دامەزرینین و دەری کەین. ویرس بوو بە بەر پرسی پەراویزی (پاورقی) و من پیم وانیە کە هیچ روژنامەیەک هەرگیز پاوەرەقییەکی ئاوا شوخی پر تیر و توانجی بوو بیت. پاوەرەقی "ژیان و بەسەرهاتەکانی شوالیە شناپهاهنسکی" بەسەرهاتەکانی شازادە لیچنوفسکی دەگیریتەوە کە هاینـــە پیی دەگوت: attafroll ئەمە یەکیک لە باشترین بەرهەمەکانی ویرس بوو. فاکتەکان هەموو راستەقینە بوون. رەنگە زوربەی خەلکی دنیا بە زەمانەکانی تریش، هەر وەک ئیستای ئیمە، لە ناوەروکی ئەم بەسەرهاتانەبگەن.

ئەم پاوەرەقییە لە سالی ۱۸۴۹ دا وەک کتیب بلاو کرایەوە و ئیستاش بو زور کەس بە چیژ و تامە. ش. لیچنوفسکی لە ریکەوتی ۱۸ی سپتامبری ۱۸۴۸ لە گەل فون اورسوالد، ژنەرالی پروسی (ونوینەری پارلمان) خوی دەرباز کرد و رویشت تا لە سەر ئەو هەنگانە کە دی نشینەکان دروستیان کردبوون، جاسووسی بکا. ئەو دی نشینانە دەچوون پەیوەس بەو جەنگاوەرانە بن کە لە سەنگەرەکانی فرانکفورت دا شەریان دەکـــرد. دی نشینەکان هەر دوو کەسیان گرتن و بە نیوی جاسووس بە سەزای شیاوی خویان گەیاندن. ئیدارەی سلتەنەتی ئالمان ویـــرسی بەوە تاوانبار کرد کە تەوهینی بە لیچنوفسکی مردوو کردووە. ویـــرس پیشتر ئالمانی بەرەو انگلیس بە جی هیشتبوو، بەلام کونەپەرستان پاش ئەوەی "روژنامەی راینی نوی" یان تەعتیل کرد، سێ مانگ زندانیشیان بو ویـــرس بریەوە. ویـــرس چونکە ناچار بوو جارجارە سەر لە ئالمان بدا، سی مانگەکەی کیشـــا.

لە سالەکانی ۵۱ - ۱۸۵۰ ویرس وەک نوینەری شرکەتیکی برافوردی چوو بو ئەسپانیا، پاشان سەری لە هندی غەربی دا و لەدوای ئەوە تەقریبـــەن تـــەواوی ئامریکای جنوبی گەرا. هاتەوە بو ئورووپاو پاش ماوەیەکی کورت دیسان گەرایەوە بو هندی غەربی خوشەویستی. دەیگوت پاشای هائیتی یانی سولتان سلوکی رەش پیست، نوسخەی ئەسلی ناپلئونی سیهەمە ونەی دەشاردەوە کە بە دیتنی کەیفی کوک دەبـــی. و. ولف لە ۱۸۵۶ بو مارکسی نووسی: "ئەو لە گەل کاربەدەستانی قەرەنتینە گیر و گرفتی بووە و بە ناچار دەستی لە پروژەکەی هەلگرتووە. لە سەفەرەکەی دا تووشی تەبی زەرد بوو. ویـــرس خوی گەیاندە هاوانا و لەوی تەبی میکیشی گرت. لە سی ی جولای دا ویـــرسی ئیمە لە هاوانا گیانی لە دەس دا."

من نیوی یەکەمین و گرینگترین شاعیری پرولیتاریام لە ویـــرس نا. شیعرە سوسیالیستی

و سیاسییەکانی ویرس بو رەسەنی و هەستی گەرم و شیرینی زور لە شیعرەکانی فریلیگراس بـــەرزترن. ویرس زورجار فورمەکانی هاینەی بە کار دەبرد، بەلام ئەو فورمانەی دەنایـــە خزمەتی ناوەروکیکی بە تەواوی رەسەن و سەر بەخو. لە گەل زوربەی هەرە زوری شاعیرەکانی تر جیاوازیکی دیاری هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە پاش نووسینی شیعرەکان ئیتر پەیوەندیکی لە گەلیان نەدەمـــا. نوسخەیەک لە شیعرەکانی بو من یا مارکس دەنارد، بلاوی نەدەکردنەوە و بە دژواری دەکرا هانی بدەی چاپیان بکا. تەنیا ئەو کاتەی وا نەبوو کە "روژنامەی راینی نوی" دەردەچوو. لە ٢٨ی ئاوریلی ١٨٥١ لە نامەیەک دا بو مارکس ئاوای نووسیوە:

"بە هیوام روژەکانی ئەوطی جولای لە لەندەن جاریکی تر بت بینم، چونکە ناتوانم لەمە زیاتر ئەم کوللوانە تەحەموول بکەم کە لە هامبورک دان. کاربەدەستیکی بەراستی گەورە، لیرە، هەرەشەی لی کردووم و ئەمە ترسی وەبەر ناوم. هەر کەسی تر بووبا دەچووە ژیر باری ئەم وەزعە، بەلام من پیـــرتر لـــەوەم کە ببمە کەسیکی بی فەرهەنگ. هنـــدی غەربی لە دوور را، لەو پەری دەریاکانەوە چاوەریم دەکا. . . .

پیشتـــر هەمووچەشنە نووسراوەیەکم نووسیوە، بەلام هیچیانم بە سەرەنجام نە گەیاندووە، چونکە من لەو نووسراوانەدا هەدەف و ئاکامیکم نەدیوە. کاتیک تو لە سەر ئابـووری سیـــاسی دەتنووسی ، عەقلییەت و هەستیکی تیکەلاو بوو. هەلسوورانی من وەکوو نووسەر بە کوتایی هاتنی تەمەنی "روژنامەی راینی نوی" بە یەکجاری تـــەواو بـــوو.

بە داخەوە من سێ سالم بو هیچ "قەتعەن بو هیچ" لە دەس دا. کاتیک بیر لە ژیانمان لە کولن دەکەمەوە، شاگەشکە دەبم. لە گەل یەکتـــر سازشمان نەدەکـــرد، ئەمە گرینگترین شت بوو. تەنانەت فردریکی مەزنیش هیچکەسی نەبوو کە بتوانی لە گەل خەلکی ئالمان وەک "روژنامەی راینی نوی" ئـــاوا بە بویری بـــدوی.

گەرچی ناتوانم بلیم کە ئەوانە دەسکەوتی من بوون، بەلام منیش لەوی بووم. . . .یادی بە خیـــر پرتەقال، ئیسپانیا! (ویرس تازە لەوی گەراوەتەوە) هەرگیز بووە ئیمە ئاسمان و شەراب و پرتەقال و هەناری خوشەویستی ئیوەمان بووبی. نـــا، نـــا، هەرگیز نەبووە. هیچمان نەبووە، بیجگە لە باران، لووتی زل و گوشتی دوکەل لیدراو."

لە گەل بـــاران و لووتی زل موخلسی تو گ. ویرس.

ویرس لە دەربرینی هەستە بە هیزە تەبیعیەکان و ئاشکرا کردنی ئارەزوو و شەهوەتەکانی بەدەن دا پسپور بوو و لەم بە شەدا لە هاینە بەرزتر بوو و پاش گوتە دووهەمین کەس بوو لە ئالمان دا. گەلیک لە خوینەرانی روژنامەی "سوسیال دیموکرات" لەوەی کە من بریک لە پاوەرەقیەکانی "روژنامەی راینی نوی"م سەر لە نوی چاپ کردوەتەوە، شوکە دەبن. لە چاپ دانی ئەوانە بە شیک لە خەون و ئارەزووەکانی من نەبووە، بەلام ناتوانم ئەوە نەلیم کە ئیتر بە ئاشکرا دیارە کە وەختی ئەوە هاتوە کە سوسیالیستەکانی ئالمان تەعەسوباتی عەوامانە وەلا بنین. ئەوانەی بەر مال بە سەر ئاوەوە دەگەرینن و خویان بە ناموس لە

قەڵەم دەدەن. ئەوانەی کە یا لە وردە بورژوازی ریاکارن، یا تەسلیمی ئەم بیر و بوچوونەی ئەوانن. ئەم ریاکارییە هیچ نییە بیجگە لە پەردەیەک کە بە سەر رابتەی جنسی نهێنی دا دەکیشریت. بو نموونە ئەگەر کەسیک شیعرەکانی فریلیگراس بخوێنیتەوە پیی وا دەبی کە ئینسان ئەندامی جنسی نییە. بەم حالە شەوە هەموو کەس لە شیعرەکانی فریلیگراس هەر ئەو لە زەتە دەبا کە لە بیستنی نەقلیکی پیس. ئەمە لە حالیکدایە کە شیعرەکانی ئەم شاعیرە بە مبارەک دادە نری. لە راستی دا بو کارگەرانی ئالمان وەختی ئەوە هاتووە کە لانی کەم هەر بەو زمانە باسی هەموو شت بکەن کە روژ و شەو پیی دەدوین ـ زمانیکی سرووشتی و پیویست و زور لەزەت بەخش. هەر بەو جورە و بە شیوەیەکی روک و راست و ئاشکرا قسە بکەن و بنووسن کە خەلکی روم قسەیان دەکرد و دەیان نووسی. وەک هومر ، افلاطون ، هوراس و ژوونەل ، وە ک ئینجیلی کون و وەک روژنامەی راینی نوی ساکار، سادە و ئاشکرا و بی گری و گول بنووسن و قسەبکەن.

ویرس کەمتر شتیکی نووسیوە کە کەس شوکە بکا و منیش وا بە باش دەزانم کە لەو جەشنە نووسراوانە بو "سوسیال دیموکرات" بنیرم.

ئەم نووسەرە لە "ئەنتوفاگاستا" لە شیلی ساڵی ١٩٢٠ لە دایک بووە، لە زانستگای سانتیاگۆ مامۆستا بووە، پاش ـ کودەتا خوینا ییەکەی ژەنەراڵ پینوشە، وڵاتی بە جی‌هیشت. سەرەرای چیرۆک، چەند سیناریۆیەکیشی بۆ سینەمـــــا و تەلەفزیون نووسیوە، لەو بەرهەمانەی کە بە زمانی فەرەنسی وەرگێردراون، "ئەی منالەروو خونەکان، خوا ترین گولستان لە ... بوو" لە لایەن "ئاتامار"ەوە ساڵی ١٩٧٩ بڵاوکراوەوە "... مردوو نیم" ساڵی ١٩٨٢ بڵاو کرایەوە.

# دارشتن

ئەم چیرۆکەمان لە کتیبی "دایکی ئازادیخوازان" هەڵبژاردووە.

نووسینی:

## ئەنتونیو سکارمیتا

## مستەفا صالح کریم

کردوویە بە کوردی.

بە بونەی جەژنی لە دایک بوونی "پیدرۆ"وە توپیکی پییان پیشکەش کرد، کاتی چاوی پیی کەوت گرژ بوو، چونکە توپیکی دەویست لە چەرمی سپی دروست کرابـــی و بە پەلەی رەش نەخشینرابی، وەک ئەو توپەی یاری زانە کارامەکان بە کاری دەهینن بەلام ئەمەی بەم درابوو بە پیچەوانەوە زور سووکەلە بوو چونکە لە پلاستیـــکی زەرد دروست کرابوو.

ـ هەر کە دەمانەوی تیی هەلدەین، وەک بالندە بال ئەگریتەوە و ئەفری.

باوکیشی پیی گوت:

ــ ئەمە چاکترە، هیچ نەبی کە بە سەرت دەکەوی ئازاری پی ناگەیەنی. بە هیما تیی گەیاند کە بیدەنگ بیت، چونکە دەیەوی گوی لە رادیو بگری. شەقامەکـــانـــی سانتیاگو لەم چەند مانگەی دواییدا جمەیان دەهات لە سەربازانی سوپا. (پیـدرو) سەرنجی ئەوەی دابوو کە هەموو ئیوارەیەک باوکی لە سەر کورسی‌یە قولدارە تایبەـ تیەکەی خوی دائەنیشی و ئیریلی رادیو سەوزەکەی رائەکیشی و بە وریاییکی تەواوەوە گوی لەو هەوالانە دەگری کە لە دوورەوە دین.

هەندی جاریش چەند برادەریکی باوکی دینە لای و دەست بە جگەرە کیشان دەکەن دەنگوت دووکەل کیشن. ئەمجا هەریەکەیان لە ئاستی خویەوەلیی دریـــژ دەبوون و گوییان لە پیرە رادیونزیک دەکردەوە، لەوە دەچوون کە هەر ئیستا یان تاویکی تـــر لەو کونە بچکولەکانی رادیوکەوە یەکیک بیت و نوقل و شیرینی یان بەسەردا بەش بکـــات.

(پیدرو) له دایکی پرسی:
ــ بوچی بەردەوام گوی لەم رادیو پر ژاوە ژاوە دەگرن؟
ــ چونکه شتی گرنگ دەلی.
ــ چـــی دەلی؟
ــ جوره شتی وا که پیوەندی بە نیشتمانەکەمانەوە هەیە.
ــ شتی وەک چ ی؟
ــ ئەو شتـــانەی روویان داوە.
ــ ئەی بوچی بە چاکی گویمان له دەنگەکه نی یه؟
ــ چونکه له شوینیکی زور دوورەوە دی.
(پیدرو) نیگای چاوە خەو تیزاوەکانی دەگیرا، له ناو پەنجەرەی ژوورەکەیـــەوە دەیەویست بزانی له کام پیچاوپیچی زنجیره چیای (کوردیلیر)ی سەرکەشەوە دەنگـی رادیوکه ئاوا بە پی دزه خوی بە ژوورا دەکات.
له مانگی ئوکتوبەرا [ـ مانگی میهر ـ] (پیدرو) له فتبولینی گەرەکەکەیاندا بەشداری کرد، له شەقامیکدا یارییان دەکرد هەر چوار لای درەخت بوو، ئەوەندەی له لا خوش بوو که له ژیر سیبەری درەختەکانا رای دەکرد مەگەر ئەو ساتانە ئەم خوشییەی بـــە خویەوە دیبی که له هاوینا له رووبارەکەدا تیـــر مەلەی دەکرد.
(پیدرو) وای هەست دەکرد که گەلا ورتەدارەکانی درەختەکان له پلیکانەکانـــی یاریگەیەکی فراوانی سەر پوشراو دەچن، هەر پاسیکی بە (دانییل)ی کوری بەقالەکـە ئەدا، یان وەک (سیمونسی) یاریزانی بە ناوبانگ بە پیچ و پەنا توپەکەی بـــەرەو گول دەبرد، وای هەست دەکرد بانگ و هاواری بە جوشی جەماوەر له نیو درەختـە ـ کانەوە بو ئافەرینی بلند دەبیتەوە.
روژی له روژان (پیدرو) بە خیرایی هەلمەتی بردە سەر لای راست، لەو شوینـەدا که ئەگەر ئەم یارییه له یاریگەیەکی ریک و پیک دا بکرایە، نەک له شەقامیکـــی چەوریـــژی گەرەکیکدا ئەوا دەبوو میخی شوین پنالتی تیا دابکوترایە، کاتیک گەیشتە بەردەم (دانییل) بە فیل وا خوی پیشان دا که دەیەوی پیشی کەوی، بەلام توپـەکەی له نیوان هەر دوو قاچیا هیشتبووەوە، بە شووتیک توپەکه بە سەر (دانییل) دارویشت و له نیوان ئەو دوو کەلەکه بەردەوە که شوینی گول بوون تیپەری، (پیدرو) قیـژاندی
ــ گول!
ئەمجا بەرەو ناوەندی شوین یارییەکه رای کرد بو قوستنەوەی ئەو پیروزبایـــی و ئافەرینەی که له ئەندامانی تیپەکەی چاوەروان دەکرد، بەلام یەکیکیان له شوینـــی خویان نەبزووتن. وەک بزماررپـــژ کرابن له شوینی خویانا چەقیبوون و چاویان بریبوە دووکانەکەی باوکی (دانییل). چەند پەنجەرەیەکی مالانیش خرابوونە سەر پشت و چەند چاویک لەم لا و لەو لاوە دەیانروانییە دووکانەکه، وەک سیحربازیکی بە نیوبـــانگ هاتبی یان سیرکی دالە ئادەمییەکان بە خوو بە فیله سەماکەرەکانیاندەوە گەیشتبنـە جی. بە پیچەوانەشەوە بایەکی له ناکاو چەند دەرگایەکی بە یەکادا. ئالەو سـاتەدا (پیدرو) چاوی بە دوو پیاو کەوت بالی باوکی (دانییل)یان گرتبوو، پیش خویا نیـــان

داو چەند سەربازیکیش لەم لا و لەو لاوە لوولەی چەکەکانیان تیکردبوو، کاتی (دانییل) ویستی لە باوکی نزیک ببیتەوە، یەکی لە سەربازەکان دەستی بە سینگیەوە نا و بە ڕەویا قیژاندی:

ــ نەجوولیی!

بەقالەکە سەیریکی کورەکەی کرد و بە سوزەوە پیی گوت:

ــ کورم، ئاگات لە دووکانەکە بی.

کە سەربازەکان بە پال خەریک بوون بیخەنە ناو (جیبە)کەوە، بەقالەکە ویستی دەست بو گیرفانی ببات، سەربازیک خیرا چەکی لی هینایە سەرپی و گوتی:

ــ ئاگادار بە!

ــ بەقالەگیسراوەکە وتی:

ــ دەمەویست کلیلەکانی دووکانەکەم بدەم بە کورەکەم.

سەربازیکیان کە توند ئانیشکی بەقالەکەی گرتبوو، پیی گوت:

ــ من ئەیدەمی.

ئەمجا دەستی بە گیرفانەکانیا هینا، لەو شوینەدا کە دەنگی پارچە ئاسنی بەر گوی کەوت، دەستی بە ناو گیرفانەکەیدا کرد و کلیلەکانی دەرهینا بو (دانییل)ی هەلداشت ئەمیش هەر بە هەواوە گرتی یەوە.

کە ئوتومبیلەکە تیژ تیپەری، دایکان رایان کردە دەرەوە و هەر یەکەیان پەلی منالی خوی گرت و بردیە ژوورەوە. (پیدرو) بە دیار (دانییل)ی هاورییەوە لە نیو ئەو تەپ و توزەدا کە جیبەکە وروژاندبووی مایەوە، لیی پرسی:

ــ بوچی باوکتیان گرت؟

ــ (دانییل) دەستەکانی ئاخنییە گیرفانەکانیەوە و لە قولی مستیا کلیلەکانی توند گرتبوو، وتی:

ــ چونکە باوکم لە بەرەی چەپە.

ــ ئەمە چی ئەگەیەنی؟

ــ بەربەرەکانی فاشیستەکان دەکات.

(پیدرو) لەو ئیوارانەدا کە باوکی گویی بە رادیو سەوزەکەوە دەنا ئەم وشەیەی بیستبوو، بەلام نەیئەزانی مانای چییە. جگە لەوەش بوی حینجە نەدەکرا. پیتی (فی) و (سین) لە سەر زمانی سەمایان دەکرد، کە دەیەویست حنجەیان بکات، دەنگیکی پر لە هەوا و لیک لە زاری دەردەچوو.

(پیدرو) ویستی بگەریتەوە بو مالەوە، بە دەم ریگاوە چونکە کەس نەمابوو یاری لە نەکدا بکات خوی یاری بە توپەکە دەکرد، بەرەو سوچیکی بەرامبەریان رای کرد چاوەروانی باوکی کرد کە دوای تەواو بوونی فرمانەکەی لە پاسەکەدا دەگەریتەوە. کە باوکی گەیشتە پیشەوە (پیدرو) باوەشی بە ناوقدیا کرد، چونکە لە توانایا نەبوو لەوە بەرز و ژوورتری بگا. باوکی خوی دانەواند و ماچی کرد، هەستی بە دەستی باوکی کرد کە بە هیواشی سەری بە پانتولەکەیەوە دەنووسینی.

ــ بابە، سەربازەکان هاتن و باوکی (دانییل)یان گرت!
باوکی وتی:
ــ بەلی، ئەزانم.
ــ چونت زانی؟
ــ بە تەلەفون پییان وتم:
ــ ئیستا (دانییل) دووکانەکەیان ئەگیریت، لەوانەشە کە ئیتر کریارەکان پارەی شیرینی و حەلوای نەدەنی.
ــ باوەر ناکەم وا بن.
ــ بە ئوتوموبیلیکی (جیب) بردیان، وەک ئەوانەی لە فیلما ئەیانبینین پیموابی لە تەلەفیزیونیشدا دەیبینین.
باوکی وتی:
ــ کسی؟
ــ دون دانییل.
ــ نەء، نایبینین.
کە ئیوارە داهات، بە بیدەنگی هەر سیکیان شیویان کرد، ئەمجا پیدرو چوو بیجامە پرتەقالیەکەی لە بەر کرد، کە بە وینەی بالندە و کەرویشک نەخشینرابوو. کە گەرایەوە لایان، باوکی و دایکی گوییان بە رادیوکەوە نووساندبوو، رادیوش دەنگیکی سەیری لیوە دەهات تیکەل بە خشەخش و وزە وز.
(پیدرو) پیش ئەوەی باوکی پەنجە بخاتە سەر لیوی و داوای لی بکات بیدەنگ بی بە خیرایی پرسی:
ــ بابە، تو لە بەرەی چەپی؟
باوکی سەیریکی ژنەکەی کرد و ئەمجا هەردووکیان نیگای چاویان بریبە کورەکەیان پاشان باوکی بە هیواشی سەری دانەواند و بە رزی کردەوە بە نیشانەی وەلامی راستی پرسیارەکەی.
ــ توش ئەگرن؟
باوکی وتی:
ــ نەء!
ــ چون ئەزانی ناتگرن؟
باوکی زەردە خەنەیەک گرتی و وتی:
ــ توی کە بەختەوەریم بو ئەهینی. ناوچەوانی توم پیوە دی!
(پیدرو) خوی بە دەرگاکەوە هەلپەسارد، هەستی بە بەختیاریەکی بی ئەندازە دەکرد چونکە کەس نەبوو وەک جاران پیی بلی: بڕو بنوو.
زور بە وریایی گویی لە رادیوکە دەگرت و دەیەویست بزانی ئەوشتە چییە وا هەموو ئیوارەیەک باوکی و هاوریکانی کەمەند کیش دەکات. کاتی ئەو دەنگەی لە

رادیوکەوە دەهات ئەم وشانەی بە ئاشکرا بە گویدا دا (دەستەی فرمانرەوا فاشیستەکان) پیدرو هەستی‌کرد کە هەموو ئەو شتانەی لە ناو سەریا دەهاتن و دەچوون بە جاری کوبوونەوە، هەر وەک چون یاریەکی مەتەل، پارچە بە دوای پارچەدا کو دەکرینەوە و ئەمجا دەبنە کەشتیەکی چاروکەدار.

روژی دوایی لە کاتی بەرچاییدا (پیدرو) دوو پارچە نانی بە کەرە و مرەباوە خوارد، قیروسیای کرد پەنجەیەکی خستە نیو کونی دەستشورەکەوە، ئەمجا دەستیکی بە لاچاویا هینا و پاکی کردنەوە، پاشان بە خیرایی روو وە قوتابخانە ناوەندییەکەی رویشت. ئەمرو پەلەی بوو، نەیدەویست ناوی بە نەهاتوو لە قەلەم بدری با چیتر دواکەوتنی لە سەر نەکری بە مال.

هەر کە دەنگی زەنگەکە کوتایی هات، ژنە ماموستاکەیان وەک بتیکی رەپ خوی بە پولا کرد، پیاویکی لە تەکدا بوو بەرگی ئەفسەریی لە بەردا بوو، مەدالیەیەک وەک گیزەر بە سەر سنگە دریژەکەیدا شور بووبووە و سمیلی تال تال سپی تی‌کەوتبوو، چاویلکەیەکی لە چاودا بوو لە چلک و پیسی سەر ئەژنوی قوتابیەکان رەشتر بوو.

ماموستا وتی:

— منالینە هەستنە سەرپی و بە قنجی راوەستن.

قوتابیەکان هەستانە سەر پی و چاوەروانی وتەی کابرای ئەفسەریان دەکرد کە لەو کاتەدا بزەیەک لە سەر لیوی بوو، سمیلی لە ژیر چاویلکە رەشەکەیەوە لە فلچەی ددان شتن دەچوو، ئەفسەرەکە وتی:

— هاوری بچکولەکان، بەیانیتان باش، من کاپیتان (رمو)م لە لایەن میرییەوە نیرراوم، واتە لە لایەن ژەنەرال (پینوشە) و ئەمیرال (مرینو) و ژەنەرال (لیە) و سیزار (لندوزا)وە.

مەبەستم لەم سەردانەم ئەوەیە داوا لە منالانی هەموو پولەکانی ئەم‌قوتابخانەیە بکەم کە ئینشایەک بنووسن، دەمەوی پیشتان رابگەیەنم کە هەر قوتابیەک‌بتوانی جوانترین بابەت دابریژی، ژەنەرال پینوشە بە دەستی خوی مەدالیایەکی زیرین و شریتیکی رەنگاورەنگی لە رەنگەکانی ئالای شیلی خەلات دەکات.

هەر دوو دەستی خستە پشتیەوە و بە قونەیەکی بچکولە نیوان هەر دوو قاچی بلاو کردەوە و ملی رەپ کرد و چەناگەی کەمیک بەرز کردەوە.

— وریا بن! دانیشن.

منالەکان بە قسەیان کرد و دانیشتنەوە، وا خویان بە کورسیەکانیانەوە نووساندبوو دەتگوت دەستیان پیوەنییە.

ئەفسەرەکە وتی:

— چاکە، ئیستا دەفتەرەکانتان دەربهینن... دەرتان هینا! قەلەمەکانتان دەربهینن ... ئامادە بوون!

بنووسن. بابەتی ئینشاکە ئەوەیە (کەس و کار و ئەندامانی خیزانەکەم ئیواران چی دەکەن؟)

تێگەیشتن؟ مەبەست ئەوەیە: ئێوە و باوکەکانتان کە لە قوتابخانە و لە سەر
ئیش دەگەڕێنەوە چی دەکەن؟ هەر وەها ئەو هاورییانەی دینە دیدەنتان باسی چی
دەکەن؟ کە سەیری تەلەفزیون دەکەن چی دەلین؟ چی بە خەیالتان دا دیت، بەو
پەڕی سەربەستی یەوە بینووسن. تێگەیشتن؟ ئێستا پێک هاتین..ها؟
یەک ....دوو...سێ
دەست پێ بکەن.

منالەکان نووکی قەلەمەکانیان بە زاریانا دەکرد و چاویان بریبوە بن میچەکە
ئاخو دەبێ کونی تێ بێ و مەلیکی بچکولە لیوەی بیتە ژوورەوە و ئیلهامیان بداتێ،
یان بیت و بە سەریانا بنیشیتەوە (پیدرو) قەلەمەکەی خوی دەمژی، جاریکی تریشی
مژی! بێ سوود بوو توانای دەربرینی وشەیەکی نەبوو، کەوتە خوراندنی لووتی، لە
کاتیکدا (لیفا)ی هاوەلی کە هەر لە سەر ئەو کورسی‌یە لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو
نینوکەکانی بە ددان دەقرتاند. کاپتان لە کاتی هاتوچو کردنیا بە نێو قوتابیەکانا
کە نزیک بوەوە، (پیدرو) لە نزیکی چەند سانتیمیکەوە توانی دوگمە ڕەقە زیرینە-
کەی ببینی کە پشتینەکەی پێ نەخشاندبوو.

ـــ ها.. تو؟ بو نانووسیت؟

(لیفا) وەلامی دایەوە:

ـــ بەلێ، گەورەم دەنووسم.

بە خیرایی بروکانی هینایەوە یەک و زمانی لە نیوان ددانەکانیەوە دەرهینا و
پیتیکی گەورەی نووسی و کردی بە سەرەتا بو دارشتنەکەی.

کە کاپتان بەرەو تەختە رەشەکە رویشت، لەوی ماوەیەک وەستا و لە تەک مامو-
ستاکە دا بە هیواشی ئەدوا، (پیدرو) بە تیلایی چاو سەیریکی کاغەزەکەی (لیفا)ی
کرد و وتی:

ـــ دەتەوی چ بنووسی؟

ـــ هەر شتی بێ. ئەی تو؟

ـــ هیچ نازانم.

ـــ دوینی دایکت و باوکت چییان کرد؟

ـــ وەک جاران نانیان خوارد و گوییان لە رادیو گرت و پاشان چوون بنوون.

ـــ دایکیشم هەر وەها.

ـــ دایکم لەم روژانە دا زور ئەگری.

ـــ ژنان هەر وان، بەشی زوری کاتیان هەر بە گریان بەسەر ئەبەن... ئەوەت
زانیوە؟

ـــ بەلام من هەول دەدەم هەرگیز نەگریم، سال زیاترە نەگریاوم.

ـــ ئەی ئەگەر من لیت بدەم.

ـــ تو شتی وا ناکەیت، چونکە تو هاوریمی.

ـــ ئەمە راستە.

(پیدرو) فەلەمە فەرەنگیەکەی بە کەمیک لیکی ناو دەمی تەر کرد، عەناسەیەکـــی قوولی هەلکیشا و بە بی وچان ئەم دەقەی خوارەوەی نووسی:

" کە باوکم لە ئیشەکەی دەگەریتەوە لە ویزگەی پاسەکە چاوەروانی دەکەم، زور جار دایکم لە مالەوە دەبی کە باوکم دەگات و پیی دەلی:

ــ خوشەویستەکەم بە خیر بییتەوە، کار و بارت ئەمرو چون بوو؟ باوکم پیی دەلی: ریک و پیک بوو، ئەی تو لە تەک کارو بارتانا چونی؟

دایکیشم پیی دەلی: هەول ئەدەین بە باشترین شیوە بە ئەنجامی بگەیەنیـــن، ئەنجا منیش دەچم بو فتبولین. من لە کاتی یاریی دا هەول دەدەم بە کەللەی سەر گول بکەم، بەلام (دانییل) حەزبەوە دەکات کە گولچی بیت. منیش وای لی دەکـــەم هوشی لای خوی نەمینی کە توانای ئەوەی نابی بەرهەلەستی گولەکانم بکات.

ئەمجا دایکم بە دوامانا دیت و بانگم دەکات: وەرە (پیدرو) نانکت بخو. مـن ـ ئەوەی راستی بی ـ هەموو شتیک دەخوم فاسولیا نەبی کە بوم قووت ناچی، لـــە دواییدا باوکم و دایکم لە ژووری دانیشتنا لە سەر قەنەفەکە دائەنیشن و دەست بـــە یاری شەترنج دەکەن منیش دەکەومە نووسینەوەی دەرسەکانم. پاش ماوەیەک ئەمجا هەموومان ئەچینە جیگای نووستن. زور جار بەوە رائەبویرم کە ختووکەی بنی پیـــی دایکم و باوکم ئەدەم. پاشان، پاشان ئیتر لە توانامانا نییە هیچ بگیرمەوە چونکـــە خەوم لی دەکەوی."

پەراویز: ئەگەر ئەم دارشتنە خەلاتی وەرگرت حەز دەکەم بریتی بی لە فتبولیـک بەلام لە پلاستیک دروست نەکرابی.

ئیمزا: پیدرو مالیران

OOO

هەفتەیەک تیپەری لەو ماوەیە دا درەختیک بە هوی پیرییەوە هەرەســی هینـا، پایسکلی منالیک دزرا، زبل ریژەکەش بو ماوەی پینج روژ خوی لە قەرەی شەقـــام و کولان نەدا، میش و مەگەز خویان بە چاوی خەلکیدا ئەدا و تەنانەت خویان بـــە لووتیشیانا ئەکـرد.

گوستافو مارتینز خاوەنی مالەکەی ئەوبەر ژنی هینا و شیرینیی بە سەر گەرەکـدا دابەشی، جیبەکە ئەمجارەش هاتەوە و ماموستا (مانوئیل بیدرازا)ی راپیچ کـــرد. بەرانبەر بەم کارە قەشەش نویژە پیروزەی یەکشەموانی نەکرد. تیپی (کولوکولو) پاش زنجیرەیە گولی بەرەودوا یارییەکەی بردەوە. (دانییل) هاتەوە یاریگەکەیان بەشداری فتبولینی کـرد.

نرخی ساردەمەنی زیادی کرد. کە (ماتیلدا سکیب) تەمەنی گەیشتە هەشت سالان داوای لە (پیدرو) کرد ناو دەمی ماچ بکات، ئەویش پیی وت:

ــ کچی تو شیک چوویت؟

دوای ئەو هەفتەیە هەفتەیەکی تریش تیپەری، روژیک لە روژان ئەفسەرەکە خوی بە پولەکەدا کرد، باوەشی کاغەز و قوتویەک شیرینی و روژ ژمیریکی پی بووکە وینەی ژەنەرالی تیا بوو.

رووی کردە پولەکە و وتی:

ــ هاوری بچکولە خوشەویستەکان، دارشتنی جوانتان نووسیبوو، ئیمەی سەربازماوەیەکی باش پییان دلخوش بووین. بە ناوی ژەنەرال (پینوشە) و بە ناوی هاوری-کانمەوە جوانترین پیروز بابیتان لی دەکەم. بەلام مەدالیاکە بەر پولەکەی ئیوە نەکەوت، بە دلنیاییەوە ئەبی بەر پولیکی تر کەوتبی. دەمەوی بەرانبەربەو تەقەلا دلخوشکەرەتان خەلاتتان بکەم، هەر یەکەتان پارچەیەک نەستەلەتان پیشکەش دەکەم لە تەک دارشتن و نمرەکانتانا. هەر وەها ئەم روژ ژمیرەش کە بە وینەی پالەوانەکەمان رازینراوەتەوە.

○○○

(پیدرو) لە کاتی گەرانەوەیدا هەر لە ناو پاسەکەدا نەستەلەکەی خوی خوارد، ئەمجا لە سووچیکی شەقامەکەدا چاوەروانی باوکی کرد تا گەرایەوە.

پاش ماوەیەک دارشتنەکەی لە سەر میزی نان خواردن دانا، کاپتانەکە بە مەرەکەبی سەوز لە دامینیەوە نووسیبووی:

(ئافەرین، پیروز بابیت لی ئەکەم).

(پیدرو) کە بە دەستیکی کەوچکی شورباوەکەی دەلستەوە و بە دەستەکەی تریشی ناوکی ئەخوراند، چاوەریی ئەوە بوو باوکی لە خویندنەوەی دارشتنەکە بیتەوە.

باوکی لە خویندنەوەی بوەوە، دایە دەست ژنەکەی و بە تیلایی چاو سەیری ئەکرد بی ئەوەی هیچ بلی. ئەمجا ئەویش کەوتە هەلقوراندنی شورباوەکەی بە شیوەیەک دەنگی (هەرشتەی) لە دەفرەکەدا نەهیشتەوە، چاویشی هەر لە ژنەکەی بوو. دایکی پیدرو کە سەری لە کاغەزەکە بەرز کردەوە زەردەخەنەیەکی پرشنگدار لە سەر لیوەکانی نەخشابوون، روخساری بە شیوەیەک گەشابوەوە دەتگوت میوەی تەر و تازەیە، زور بە خیرایی و راستەوخو ئەو زەردەخەنەیە چووە سەر لیوی باوکیشی، زور لە سەرەخو رووی کردە ژنەکە و وتی:

ــ باشە، پیم وابی، دەبێ بە زووترین کات شەترنجیک بکرین.

# کەوشەکانی خوشکم

نووسینی:
**رحمان بیساران**

**وریـــا** لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی

هەوا بەرەو تاریکی دەچوو. من و هاورییان چاوەروانی شام بوین کە دیتم نامەبەر خەریکە بەرەو مقەری ئیمە دی. لە دلی خوم دا گوتم: "بلیی منیش نامەم هەبی؟" تاسەیەک بە دلمدا گەرا. ئەو هاورییانەم هاتەوە پیش چاو کە ماوەیەک بوو لییان بی خەبەر بووم. نوقمی خەیالات بووم کە یەکیک لە هاورییان دوو نامە ی لە دەستم نا. خەتی نامەی ئەوەلم ناسیەوە، بەلام نامەی دووهەم؟ هەرچی بیرم کردەوە خەتەکەیم نەناسی. لە سەری نووسرابوو: "بگاتە دەستی براکەم کە لە گیانم خوشەویست ترە." خیرا پاکەتەکەم دراند و کـاغەزەکـەم دەرهینا. خەت، هەمان خەتی سەرپاکەتەکە بوو. ئیمزاکەیم خویندەوە: "ئەسمەری خوشکت کە شانازیت پیوە دەکـا." شادی و لەزەت و ئارەزووی دیداریم لە دەمارەکان گەرا. بە پەلە خەریکی خویندنەوەی بووم. وشەبە وشەی نامەکە پر بوون لە بیرە وەری جور بە جور و میشکیان لە باوەش دەگرتم. تا گەیشتمە ئیمزا کە شەپولیک لە خەم و هەناسە ساردی، سەرفەرازی، رق لەم دنیا پیچەوانەیە و شانازی ئەوە کە لە گەلی تیوە چووم لە میشک و دلمدا دەهاتن و دەرویشتن و جیگای یەکیان دەگرتەوە. بیرەوەری تال و شیرین لە گەل خوی بردبوومی. هەر کە نامەکە تەواو بوو و سەیری ئەم لا و ئەو لای خوم کرد دیتم کە سفرە راخراوە ، بەلام کەس دەس بو نان نابا و هەموویان بە نیگەرانییەوە سەیری من دەکەن. لییان پرسیم: "رەحمان چی بوو، بو دەگری؟" دەستم لە گوناکانم دا تەر بوون. نامەکەی خوشکم یادی روژانی منالیمیان هینابووە بیرم. فرمیسکەکانم زووخاوی تالیەتی ئەو بیرەوەریانەبوون. هاورییان کە بە ئەمەیان نەدەزانی خەم دایگرتبوون. پییان وابوو دیسان هاورییەکی دلسوزمان بەجیی هیشتووین. دلنیام کردن کە باسی گیان لە دەس دانی کەسیکی تیدانیە و ئەو فرمیسکانە لە نالەباری ژیانیکەوە سەرچاوە دەگرن کە بە سەریان

داسەپاندووین. پییان داگرت کە بەسەرهاتەکەمیان بو بگیرمەوە. منیش دلم نەشکاندن و ئەم بەسەرهاتەم بو گیرانەوە:

وەختی کولەکەی مالمان کە باوکم بوو، رووخا و نان ئاوەرەکەمان لە دەس دا، بە ناچار دەستم لە خویندن هەلگرت. دەبوو خەرجی بەری چوونی دایکم و خوشکم دابین بکەم کە چەند سالیک لە خوم چکولەتر بوو. هەر بەم بونەوە لای ناسیاویکی باوکم دەستم بە کار کرد کە نەجار بوو و خەلک پییان دەگوت وەستا باقر.

مالمان لە قەراخی شار و لە شوینی هەلکەوتبوو کە بە "مالە تەختەیەکان" نیو بانگی دەرکردبوو. من و باوکم و دایکم و ئەسمەری خوشکم لە تەنیا دیویک دا دەژیاین کە لە تەختە ساز کرابوو. تاریک و شیدار بوو و بیجگە لە ئیمە ببوو بە شوینی ژیانی جر و جانەوەری جور بە جوریش. لە مار و مشکەوە بگرە تا قالونچە و دوپشک و هەزار پێ.

پاش ئەوەی کارم دەس کەوت دایکم هەموو روژی بەیانی زوو لە خەوی هەلدەستاندم. ئەگەر هەبا پەنجەیەک نان و نەختیک پەنیری بو لە دەسمالیک دەپیچام و بەرەو دووکانی وەستای بەرییی دەکردم. زور جار پەنیرەکەش نەبوو. هەموو بەیانییەک ئەو ریبوارانەی کە بە تەنیشتم دا رەت دەبوون سەرنجیان رادەکیشام. بونی نانی بریشتە و حەلیم و کەلەپاچە کە هەندی کەس بو مالیان دەبردەوە ئاخی ساردی بە دلدا دینام. باوکم وەبیر دەهاتەوە کە هەمیشە بە دەسکیک سەوزی و نەختیک ماستەوە دەهاتەوە و ئەگەر دایکم پرسیبای: "نەختیک تەماتە نەبوو بیکری؟" توورە دەبوو. هەمیشە سەیری ئەو کەسانەم دەکرد کە کاسەی حەلیم یا کەلەپاچەیان بە دەستەوە بوو و ئارەزووم دەکرد: "خوزگە باوکی منیش لە ساختمان بەر نەدەبووەوە و بە دەستە پینە بەستراوەکانیەوە نانی گەرمی بو دەهینایەوە. ئەگەر وا بوایە ئیتر من ناچار نەدەبووم دەس لە خویندن هەلگرم و لە تەمەنی ۱۲ سالیدا بو کار هەلوەدای کوچە و کولان و خیابان بم. کاتی دەگەیشتمە بەر نەجارییەکە هەناسەیەکی قوول فیلمی خەیالاتی دەپساندم. دووکان قووتی دەدام. هەموو شوینیکم دەمالی و خاوینم دەکردەوە، کە وەستا دەهاتە ژوور، دەم و چاوی گرژ بوو و هەمیشە بولەی دەهات: "ئەو رەندەیە بوچی لەوییە؟ ئەو مشارەت بو لە شوینی خوی دانەناوە؟" بە هەرەشەوە بە سەرم دا دەخوری: "بچو کیلویەک گوشت، کیلویەک تەماتە و نەختی بیبار بکرە و بیبەوە بو مال و خیرا بگەریوە. گەمە و گالتە نەکەی. ئیسقانت دەشکینم!" جار جارەش لیشی دەدام. وای دەکوتام دەتکوت باوکیم کوشتووە. لە وەختی وا دا ئیش و توورەیی بەربینی پی دەگرتم. بە خومم دەگوت: "ئاخ ئەگەر تەشوییەکی لە سەری نەدەی..." بەلام خیرا تاجی بەر کلاوی پاسەبانەکانم بیر دەکەوتەوە و میلەکانی زیندان. لە خومم دەپرسی: "ئەگەر من بخەنە زیندان کی نان و بیخور بو دایک و خوشکم دەباتەوە؟ ئەوان چیان لی دی؟ ئایا برسیەتی ناچاریان ناکا...؟" کە دەگەیشتمە ئیرە موچرکیک بە لەشم دا دەهات وئیشی کوتەک خواردنەکەم لە دل دا گریمانە دەبوو و جار جارەش لە داخان دەگریام.

نیوەرویان دەچوومە مالی وەستا، نەهارم دەهینا و لە گەل وەستا باقر پیکەوە دەمانخوارد. پاش نان خواردن کارمان دەست پی دەکردەوە و تا بەرقی خیابانەکان هەل دەبوو، کارمان دەکرد. بیشتر کارم تەنیا هینانی نەهار و چای و خاوین کردنەوەی دووکان

بوو. ئیستا ئەو تەختانەشم دەبرینەوە کە وەستا خەتکیشی دەکردن. کاتی کار تەواو دەبوو سیّ تمەنی دەدامی و دەیگوت:

– وەرەبیگرە. ونی نەکەی! بیدە بە دایکت. ببیستم هەلە خەرجیت کردووە حەلت داوەسم!

– بەسەر چاو وەستا. هەموو پوولەکەم دەدەم بە دایکم.

دیسان دەی گوراند:

– یەکسەر بچو بو مالەوە. شەو زوو بخەوە و بەیانی زوو وەرەوە!

• جارجارەش دلسوزی بو دەکردم:

– ئاگات لە خوت بی نەکەویتە بەر ماشین.

پاشان کوتەکەی دەخستە سەرشانی و دەرویشت. دەستم دە گیرفانم دەنا. دووتمەنیکی ئەسکەناس و سکەیەکی تمەنی تیدابوو. چەند جارم دەبژارد و بە خوم دەگوت: "بوخوم پیاویکم، نان ئاوەری مالم." و ئەوجار هەموو ماندوویەتیەکەم دەحەسایەوە. دەرگای دووکانەکەم دادەخست و بەرە و مال دەکەوتمە ری. لە پیادە رەوەکان کە تیدەپەریم سەیری فروشگا و دووکانەکانم دەکرد. لوکس فروشەکان سە رنجیان رادەکیشام. دەمروانیە ئەو کەسانەی کە شتیان دەکری و هەناسەی ساردم هەلدەکیشا. بە تامەزرووئیەوە چاوم دەبریە ئەو شتە جوانانە کە لە پشت ویترینەکان دایاندەنا. جاری واش بوو خاوەن دووکانەکە رەپیی دەنام:

– رامەوەستە. برو. مەگەر مالت نیە بی دایک و باب؟!

جنیو و هەرەشەکانیان داخی هەژاری تازە دەکردمەوە و قین و توورەیی بە دە مارەکانم دا دەگەرا: "تاکەی ژیانی من وا دەبی؟".

شەویک بە پەلە لە خیابانی فەرەح تیپەر دەبووم و بەرەو مال دەرویشتم. گەیشتمە خیابانی ٢٥ی شەهریور، کادیلاکیکی ئالوبالویی کە لە ژیر چرابەرقیک دا راوەستا بوو، سەرنجی راکیشام. چرای نیو ماشینەکە هەلکرابوو. ژن و پیاویک لە پیشەوە دانیشتبوون. دوو منالی ١٠ و ١٢ سالەش لە پشتەوە، ئاومیوە یان بە دەستەوە بوو و دەیان خوارد. پی دەکەنین و گالتەیان دەکرد. ئاگایان لە خەم و پەژارە نەبوو. چاوم بریە گونای سوور و لیباسە جوانەکانیان و لە خەیالی خوم دا ون بـــووم. منالانی لای خومانم هاتەوە پیش چاو، کە لە نیو خول و قور و چلپاودا کایەیان دەکرد، لیباسی بەریان پینەکراو بوو، لە مالی تەختەیی و شیدار دا دەژیان و ئەگەر وەکو منیش باوکیـان لە دەس دابا، دەبوو بچنە بەر دەستی وەستا باقر. کاتی سەیری دایکی ئەو منالانەم کرد بە زەوق و شەوقەوە تەماشای منالەکانی دەکرد و دەگەشایەوە، بیری دایکی خوم کەوتمەوە کە لیباسی ئەم و ئەوی دەشت، قەت نەدەحەسایەوە و هەمیشە توورە بوو. خوزگەم خواست کە منالانی مالە تەختەییەکان وەک ئەم دوو منالە بووبان. داخ و کەسەری ژیانی خوم و ئەوان چاوی پر ئاو کردم. ژیانی هەژارانە چەند ناخوشە. نزیک بوو فرمیسکەکانم بەر بنەوە. بەرەو مال کەوتمە ری. بو چ

ماوەیەک لەوێ ڕاوەستابووم؟ نازانم. ئەوەندە دەزانم کە درەنگ ببوو و دەزانم دایکم نیگەران دەبوو. وەختێ لە دەرگام دا، خوشکم ئەسمەر دەرگای بۆ کردمەوە. قژ شێواو و کراسەپینەکراوەکەی زەق تر لە جاران کەوتە پێش چاوم. وتی:

ـ کاکە گیان سڵاو. ماندوو نەبی.

ـ سڵاو ئەسمەر گیان. دایکم لە ماڵە؟

ـ دەمێکە چاوەڕوانتین. بۆ ئەوەندە درەنگ هاتیەوە؟

چوومە ماڵەوە. دایکم کە دیتمی خۆشییەک لە چاوەکانیدا پەیدا بوو. سێ تمە نەکەم پێ دا. چاوەکانی ئەوەندەی تر گەشایەوە:

ـ دایکت لە دەورت گەڕێ.

پاشان دەستی کرد بە حساب کردن:

ـ نابێ خەرجی زیادی بکەین. ئەگەر پوولەکانمان کۆ بکەینەوە دەتوانین بۆ زستان کازێک و چرایەک بکرین. فکری لیباسیشم کردوەتەوە. لەو ماڵانە، کە لیباسیان بۆ دەشۆم، بە جێگای حەق دەس لیباسە کۆنە وەردەگرم.

دەتکوت چەقۆیان لە غوروورم دا. سەیری چاوە ماندووەکانی دایکم کرد. ڕەنجی دەکێشا. هەوڵم دا نیشان بدەم هەرگیز غوورووریکیشم نەبوە و دلیشم نەڕەنجاوە. بەڵام فریوی نەخوارد. وتی:

ـ هەزاری دایک و بابی نیە کوڕم. ناچارمان دەکا کاری وا بکەین.

ئەسمەر هاتە نێو قسەکانی:

ـ دایە جووتێ کەوش بۆ من دەکری؟ لەو کەوشانە کە باوکی ژاڵە بۆ ژاڵەی کڕیوە؟ ئەو کەوشانەم زۆر خۆش دەوێ. دەمەوێ پێیانەوە کایە بکەم، بە دەم پایی لە کۆڵان کایە ناکری.

بزەیەکی شیرین لە سەر لێوەکانی خوشکم نەخش ببوو. بزەیەکی وا کە نیشانی دەدا چەند هیوای بە کڕینی کەوشەکانی هەیە. کوتو پــــڕ دایکم بە نێو چاوانی گرژەوە گوراندی بە سەری دا و بزەی سەر لێوەکانی پاک کردەوە:

ـ بێ دەنگ بە کچەتیوە! دەنا هەموو زووخاوی دڵم بە تو دەڕێژم. تەماشا، تەماشا خانم! کەوشی تازەی لێم دەوێ. ژاڵە باوکی هەیە تو چی؟ پــوول لە کوێ بێنم. دەورە لە بەری دەستم موویەک هەڵقەنە. جارێکی تر ئەو قسەیە دووبارە کەیەوە، زمانت داخ دەکەم. وات لێ دەکەم ئیتر بیری کەوشی تازە نەکەیەوە.

ئەسمەر دلی پڕ ببوو، دای لە کوڵی گریان و بەگریانەوە شانی گرتم و لە بن گوێم دا ووتی:

ـ کاکە گیان تو شتێکی پێ بڵێ.

ئەسمەرم هێمن کردەوە:

ـ دایکم ماندوویە ئەسمەر. دەستمان خاڵیە، دەنا دایە حەز دەکا تو هەموو شتێکت هەبێ. قەولت پێ دەدەم خوم جوتێک کەوشی جوانت بو بکرم. کەوشی تازە. لەو کەوشانە کە خۆشت دەوێن.

ئەو شەوە خەو نەچووە چاوم. دەنگی بڕمەی گریانی ئەسمەر لە گوێم دا دەزرینگایەوە.

دلم گیرا بوو. مناڵه‌کانی نیو کادیلاکه‌کەم هاتنەوە پێش چاو. لە خومم پرسی: "ئێمە بۆچی دەبێ وابین؟ کێ ووتوویە ئێمە دەبی وابیـــن؟"

ئاواتەکەی ئەسمەر بە دەنکە دەنکەی فرمیسکەکانیەوە ڕژابووە نیو دلم. ئەوە هانی دام داوا لە وەستا باقر بکەم حەق دەستم زیاد کا تا بتوانم ئارەزووەکەی خوشکم بەدی بێنم و جووتێ کەوشی بۆ بکڕم تا ئیتر هەست بە سووکایەتی نەکا. نیوەڕۆ پاش ئەوەی خواردنەکەم هێنا، ڕووم کردە وەستا. خەریک بوو دەست و دەمو و چاوی دەشوشت. بانگم کرد. ئاوڕی دایەوە. توورەیی لە چاوی دەباری. قسەکان لە گەرووم دا گیری کرد. دەتگوت دەمیان درووم. دەست و پێم کەوتنە لە رزین. گوڕاندی:

ـ چیە، دطی چی؟

ترس لە دەر کردن ئەوەندەی تر دایگرتم. ترپەی دلی خومم دەبیست.

ـ من . . . من . . . من دەمەوێ. . .

قسەکەم بو نەکرا. دیسان گوڕاندی:

ـ ئەوە بوچی دەمت بـوەتە تەڵەی دەم تەقیو، ها؟

زورم بو خوم هێنا وتم:

ـ وەستا دەزانی. وەزعمان خراپە. من، من لێرە کار دەکەم دایکیشم لیباسی ماڵان دەشوات. بەلام بەڕێ ناچین. ئەگەر دەکرێ نەختی حەق دەستەکەم زیاد کە.

هیشتا قسەکەم تەواو نەکردبوو کە دەستی لە دەس و چاو شتن هەلگرت. بەرەو لام هات. چاوی پەڕیبوە پشتی سەری. ترس هەلیگرتم. وەستا تا دەکرێ بە و دەستە زلامانەی زللەیەکی لێ دام، وەکوو شیشی کەباب سوور هەلگەڕام، نەڕاندی:

ـ سەگی سەگ بابی بێ شەرم. هەر کەسی تر لە جێی من با تمەنێکی زیاتر نەدە دایەی. چونکە هەتیوی بویە سێ تمەنم پی داوی. یاللا، یاللا وەدەرکەوە، دەی با ئەو چڕو چاوە نەحسەت نەبینم. یاللا، جارێکی تر پێ‌بنییتەوە ئەو دووکانە قاچو قولت دەشکێنم.

فرمێسک لە چاوم هاتە خوار. نەم دەزانی بڵێم چی. بێ ئەوەی قسەیەک بکەم لە دووکانەکە هاتمە دەر. کەمێ ڕاوەستام. بۆ کوێ چووبام. جوابی دایکم چی دابا وە. ئاوڕێکم دایەوە، ئەو دووکانەی پیشتر رقم لێی هەلدەستائیستا لە بەر چاوم ئازیز بیوو. وەستا باقر نانی دەخوارد. منیش خوزگەم دەخواست لەوێ بام.

ناچار بووم لەو دووکانەی کە بۆ ماوەیەک ڕەنجم تێدا دابوو، دەس بەر دەم. ئەو دووکانە هیچی هی من نەبوو. بەرەو سبەی ڕۆژێکی نادیار کەوتمە ڕێ. پێم خوش نەبوو جارێ بچمەوە. بەڵام هەر دەبوو بچوبامەوە. کاتێک گەیشتمەوە ماڵێ، دایکم دی کە لە نێو کوکایەک لیباس دا وون ببوو. هەر کە دەنگی پێی بیستم دەستی لە لیباس شوتن سارد بۆوە. هەستایە سەر پێ، بە مانایەکەوە سەیری کردم و ڕەنگی وەکوو گیچی لیهات، پرسی:

ـ چی بووە کوڕم؟ بوچی وا ناوەخت هاتویەوە. زمانم لاڵ دەریان نەکردبی؟ گریاوی ئەرێ؟ لە چاوەکانت ڕا دیارە گریاوی. دەمزانی ئەو بێ ویژدانە ئاخری دەرت دەکا.

کاتێک ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە چاوی بڕیبووە لیباسە نەشوراوەکان. وەختێ باسی زللەکەم کرد فرمێسک لە سەر گۆنا ژاکاوەکانی ڕژایە خوار. وەستا باقری نفرین کرد و جنێوی پێدا.

پاش ماوەیەک لە کارگەیەکی موبل سازی دا دەس بە کار بووم. ڕوژانە ٥ تمەنیان پی دەدام. ئیزافەکاریشم دەکرد، بەلکە پوولیک کو کەمەوە و جووتێ کەوش بو ئەسمەر بکڕم. بیجگە لە من چوار کەسی تریش لەو کارگایە کاریان دەکرد کە لە من گەورەتر بوون. فشاری کار زور بوو. ڕوزانە بیجگە لە ٤٥ دەقیقە بو نەھار خواردن، هیچ دەرفەتی حەسانەوە نەبوو. ئەگەر نەھار خواردن زیاتر لە ٤٥ دەقیقە درێژەی کێشابا، حاجی ئاغای خاوەنی کارگاکە دەستی دەکرد بە بۆڵەبۆڵ. هەولم دەدا پوولی نەھارەکەم زیاتر لە ٥ قران نەبا. ٣ قران بو ماس یا پەنیر، ٢ قرانیش بو نان. دەبوایە فشاری سەر شانی دایکم کەم کەمەوە و تا دەتوانم پوولی پێ بدەم. بەلام پاشەکەوتێکیشم بو خوم هەلدەگرت. پاش چەند مانگی ٥٠ تمەنم پاشەکەوت کرد. دایکم ئاگای لەم پوولە نەبوو. باش لە بیرمە کە نیوە ڕاستی پاییز بوو. ڕوژیک نەختێ زوو دەستم لە کار هەلگرت و چوومە بازاڕی کەوش فروشەکان. لە پشت ویترینیکەوە سەیری کەوشەکانم کرد. یەکیانم بە دڵ بوو. چوومە ژوورەوە، ٥٠ تمەنەکەی نیو گیرفانم دلّی قورس کردبووم. لەو کەوشەی پەسەندم کردبوو، داوای جووتی زرشکی ژمارە ٣٦م کرد. دەمزانی خوشکم ڕەنگی زرشکی خوش دەوێ. وەختێ بۆی هێنام، دەستم کێشا بە هەموو شوینیکیدا تا دڵنیا بووم قایم و ساغە. پرسیم:

ـ کاکە ئەمە قیمەتی چەندە؟

ـ لە هەموو جیگایەک بە ٣٠ تمەنە. ئەمما من بە خاتری تو بە ٢٧ تمەن دمت دەمێ.

دەمزانی ڕاست ناکا. بلاخرە ئەوەندەمان هینا و بردتا بە ٢٥ تمەن کڕیم. کەوشەکانم دایە ژێر بالم و چوومە نێو قەنادییەک دوو کیلۆ شیرینیشم کڕی و بەرەو ماڵ کەوتمەڕێ. وەکوو پیاوێکی گەورە کەوش و شیرینیم بو مال دەبردەوە. خوم پێم وابو کە "شا"م. بەلام" شا" یەک کە پوولی نەبوو سواری تاکسی بێ، بە ناچار ئەو هەموو ڕێگایەم هەر بە پێ بڕی. توند دەڕۆیشتم و بیرم لەوە دەکردەوە کە کاتێک ئەسمەر کەوشەکان دەبینێ چ دەکا. هەر کە گەیشتمە بەر دەرگا بانگم کرد:

ـ ئەسمەر، ئەسمەر، لە کوێی؟

پەیدای بوو، سەیری ژێر بالمی کرد. سلّاوەکەی تێکەلّاوی شایی و پی کەنین بوو.

ـ کاکە ئەمە شیرینیە، ئەی ئەوەکەی تر چیە؟

ـ ئەسمەر گیان، ئەمە ئەو شتەیە کە ماوەیکە خەونی پیوە دەبینی و ئارەزووی دەکەی.

پاشان تەماشای چاوە پڕ لە پرسیارەکانیم کرد و درێژەم دا:

ـ کەوشم بۆ کڕیوی، کەوش!

بڕی دایە کەوشەکان و بەرەو لای دایکم هەلات.

ـ دایە، دایە، کاکە کەوشی بو کڕیوم، کەوش!

لە خوشحالّیان فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتنە خوار. کەوشەکانی بە سەر سینگیەوە دەگوشی و دەگریا. گونا بە خۆر سووتاوەکانی شلالی فرمیسک بوون. ووتی:

ـ کاکە گیانەکەم سپاست دەکەم، سپاس. ئەگەر منیش گەورە بووم ژاکەتێکت بو دەچنم.

خوشحالی دایکم لە ڕادە بەدەر بوو. پاش مەرگی باوکم ئەوە بۆ یەکەم جاربوو بە دڵ پێدەکەنی. زەوق و شەوقی ئەسمەر و خوشحالی دایکم، ئەوەندەی تر شـادمانی کردم.

ڕۆژانی دوایی هیچ کات ندم دیی ئەسمەر کەوشەکانی لە دەرەوەی ماڵ لە پـی بکات. هەموو ڕۆژێ چەند جار لە نێو دیوەکەمان لە پێی دەکرد، دەسڕەی دەکیشا و پاشان هەلیدەگرتەوە. لەو ماوەیەدا جووتێ کەوشی لە پێ دەکرد کە دایکم لە بری لیباس شوتن وەری گرتبوون. پاش ماوەیەک ئیتر ئەم کەوشانە بۆ پێی ئەسمەر کە ئیستا گەورە ببوو، چکـولـە بوون.

باقی چیروکەکەم بە خویندنەوەی بەشێک لە نامەکەی خوشکم بو هاوڕێکانم تەواو کرد:

"... کاکە گیان هەموو روژێ جارێک کەوشەکان دێنم و دەسڕەیان دەکێشم. سەیریان دەکەم و لە گەل تو دەدویم. ئەو دەم تو زۆرت پی ناخوش بوو کە من بێ کەوش و لیباس بووم. زۆری پی نەچوو لەوەی کە منالانی زور کەس بی کەوش و لیباس بوون تووره بووی. ئیستا ئارەزووەکانی منیش وەکوو ئاواتەکانی تۆن. بێ کەوشی، بێ لیباسی و نەداری هەر منال و گەورەیەک دلم دەخاتە ئێش و ژانەوە. باوەڕ دەکـەی؟!

قسەی زورم لە دڵ دایە کە دەبی لە گەلت باسیان بکەم. پرسیاری زور بە مێشکم دا دێن و دەڕۆن کە دەبێ وڵامەکانیان لە تۆ وەربگرمەوە. هەموو ڕۆژێ گوێ بۆ رادیوکەمان دەگرم تا زیاتر فێر بم و لە هەمان کات دا بیر لە تۆ دەکەمەوە کە وای لە پشت دەزگاکانەوە. دڵنیا بە دێم بو دیتنت. تەنیا دەبێ خەرجی ڕێگا فەراهەم بکەم. کاکە گیان هەمیشە لە بیر و هوشم دای. ئایا تۆیش بیر لە من دەکەیەوە، لە من و کەوشەکانم؟!"

# ئیختراع

ب.سالاری

هەر رۆژیک کە دەگوزەرا، هەستی ئیحترامیکی زۆرم بە نیسبەت ئەو کابرا یە دەکرد، ئاخر ئیوە نازانن ئەو بەستەزمانە هەموو رۆژی لەسەر ئەو ئیختراعەی لە نەزەری دا بوو کاری دەکرد.

لەگەل ئەو کابرایە لە سەفی کوپینی مریشکدا ئاشنا ببووم، روالەتیکی خەمناکی هەبوو، ئەگەر چی جەوان بووبەلام لەو تەمەنەدا دائیم دوعای دەخویندو قل هواللەی دەوت.

لە ریزی سەفەکە زوریک قسەی لەسەر ئەرزش والای ئینسان لە روانگەی ئیسلامی بۆ دەکردم کە تەنانەت دانەیەکیشم گوی نەدایە کە هەلبەت بو ماوەیەک دواتر کە کەمیک باشترم ناسی لەو کارەم پەشیمانیش ببووم. ئاخر لەو سەفەیدا هەر لەو فکرەیدا بووم کە بەو پوولە کەمەی هەمە چون خەسومو خەزوورمو ٥ـ٦ مندالی لەگەلیان، کەلەمالمان بوون بەریّ بکەم کە هەم ئابرومان نەچی هەم گیرفانم بەتەواوی دانەتەکیّ.

لە قسەو باسی ئەو کابرایە کەلەخیابانیکی ئەولاتری مالی من ژیانی ئەکردهەر ئەوەندەم لە بیر دیّ باسی ئیختراعیک بوو، کەخوی دەیووت ئەگەر ساز بکریت خزمەتیکی زور گرینگ بە ئینسان،وبەشەریەت بکات، ئەو دەم زورم گوی نەدا یە بەلام کەکەمیک گوزەراوبەچاوی خوم دیتم هەر کە لە کارەکەی دەگەریتەوە تابەیانی کاری لەسەر دەکا. بیرو رام گورا. ئەمجار لەو ١٠ دەقیقەی کەلە ئوتوبوسی خەتدا بەیەکەوە دەبووین تیدەکوشام نزیکی ببمەوە ئەمجار زور زور بەدیقەتەوە گویم دەدا بە قسەکانی و تیدەکوشام دانە دانەی لە میشکمدا زەبتی بکەم، ئەو کابرایە

موهه ندیسی به رق بوو وه له شیرکه تیکی ده وله تی دا کاری ده کرد. خووره وشتـــــی زور سه یری هه بوو، له ئیفتخاراتی ئه وه بوو که تا ئیستا سلاوی له هیچ ژنیک نه کردوه وه ده ستی له گه ل لی نه داون وئه گه ریش تا ئیستا که ته مه نی ۳۲ سال بوو ژنـــــی نه هینا بوو به و هویه بوو که ژنیکی وا موسولمانی په یدا نه کردبووکه هه لبه ت ئـــه و ژنه ی ئه و ده ی وت ده با ئه و ژنه بیت که له به ر له مال مان و نا مه حره م نه دیتـــن خوره تاوی نه دیتبی. به هه رحال ئه گه رچی ئه و قسانه م پیش ئاشایی له گه ل ئـــه و کابرایه پیم باش نه بوون و ته نانه ت موخالیفیشیان بووم، به لام کارو کرده وه و ئـــه و قسانه ی له سه ر ریز و ئه رزشی ئینسان له ئیسلام و ئیختراعه که ی، منی روژ به روژ به خوی عیلاقه مه ندتر ده کردو قسه کانیم له میشکمدا به ئاوی زیر ده نووسی، هه موو روژی له سه ر پیشره فت له ئیختراعه که ی له گه لم ده دوا و زور به عیلاقه ت مه ندی و شورو شه وقه وه باسی ده کرد، به لام هه رچی لیم ده پرسی که ئیختراعه که ت چییــــه زور ته وزیحی نه ده دا و ده ی وت ئه گه ر پیت بلیم ره نگه له خوشحالیان له سه ر خو بچیت. روژیک لیم پرسی، باشه ئه و ئیختراعه ی تو بو کاری من که کریکاری سه نـــگ تراشم به کار دیت، به سه ر سورمان و ته عه جوبه وه لیم راما و ته نانه ت بـــــه ناراحه تیه وه وتی وا دیاره تو گوییت نیه، من ده لیم ئه و ئیختراعه ی من بـــــو به شه رییه ت، بو هه موو ئینسانه کان که لکی هه یه و سه ره تای رزگاری ئینسانه لـــــه ئه زیه ت و ناره حه تی و ئازارو شتی له م بابه ته وه. ئیختراعیکی کامیله ن ئیسلامی و رزگاری ده ره. ئه و ئیختراعه ی من بو هه موو ئینسانه کان به چاک و خراپ که لکی - هه یه. ئه و قسانه وای لی کردبووم که بو اطلاعاتیکی زور کمیش لـه و ئیختراعه حازر بووم هه موو کاریک بکه م. هه موو شه وی خه وم به و ئیختراعه وه ده دیت و هه زار نه قشه م بو ده کیشا ئاخر هه موو روژی له روژنامه کاندا ده مخوینده وه که مه سه له ن ماشینیک دروســـت کراوه که ده توانیت مال بمالیت، چیشت لی بنیت، منال به خیو بکات خولاســـه کاری مال به ته واوی بکات یان ماشین حسابیک که به خوره تاو کار ده کات و هـــه زار شتی له و چه شنه و هه موو روژیکیش شتی تازه ی پی زیاد ده بوو، زور به ئاوات بووم که له و دانشمه ندانه ش له ئیرانیش، له وولاتی ئیمه شدا ببوایه، ئیستا له خـــوش شانسی من ئه و دانشمه نده ی من به ئاواتی دیتنی بووم ئه وه هه موو روژی له گـــه ل من له سه ر صندلی ئوتوبوس داده نیشیت و له پیشره فت و به ره و پیش چوون لـــــه ئیختراعه که ی ده دوا.

زور زوو دوربینیکم په یدا کردو وتم تا له ته واوی دنیا عه کسه که ی بلاونه بوه ته وه با عه کسیکی له گه ل بگرم و له داهاتوودا بلیم: به لی ئه و کابرایه م ده ناسی و له گه لی ره فیق بووم. ته نانه ت شه ویک به خه رجیکی زور ده عوه تم کردبو مالو به ژنـــه که م وت غه زایه کی زورو باش لی بنی، که به و ئیفتخاره گه یشتم و شه ویک هات بومالمان. تا سه عاتیک له مالمان بوو، به لام له به ر ئه وه ی په له ی بوو بو ته واوکردنی ئیختراعه - که ی به ته واوی نانه که ی نه خواردبوو هه ستا و رویشت. بروام پی بکه ن ئاوات و ئاره زووم

ئەوەبوو کەئەو ئیختراعە هەرچی زووتر تەواو بیت و بیتە بازار کەچی حەفتەیەك
لەو شەوە گوزەرابوو کەلەنیو ئوتوبوسەکەدا وتی، ئەگەر بتوانی خوت کونترول بکەی
ئەوە خەبەریکی خوشت پی دەدەم، وتم ئیدەکوشم ئەو کارە بکەم بلێ بزانم ئەو
کارە چی‌یە؟ وتی ئیختراعەکەم.... هەر وتی ئیختراعەکەم دلم کەوتە تەپە تەپ
رەنگم سپی بوو، سوور بوو، لە حالیکدا نەمدەتوانی بەر بە خوشحالی خوم بگرم
وتم، دەی ئیختراعەکە چی؟ وتی لە حەفتەی داهاتوودا لەلایەن دەولەتەوە بازدیدو
امتحان دەکری، لە نیو ئوتوبوسەکەدا ٣ جار ئەم لاو ئەولام ماچ کرد بە جوریک
کەتەواوی دانیشتوانی ئوتوبوسەکە بەتەعەجوبەوە چاویان لیکردم هەرلەبەر ئەوە
خەبەرەی قتویەک شیرینیم کری و ئیوارە کە گەرا ینەوە بە دوو دەستی تقدیم
کرد کە بەرەزامەندیەوە وەریگرت بە تایبەت ئەو کاردم لە نیو عالەمدا دەکرد
تا ببینن کەلەگەل من زور رەفیقە و ئاشنای منە، بەسەری خوم نازانم ئەو حەفتە-
یەم چون گوزەراند، هەموو شەویک خەویکم پی‌یەوە دەدی. شەویک ئەو ئیختراعە
لیم دەبوو بە دەزگای سەنگ تراشیک کە کامپیوتەریەو خوی بەرد دینی و دەیبری
و شتی لەسەر دەنووسی و لە ئەندازەی جوراو جوردا لیکیان جیا دەکاتەوەو بەم
جورە ئیمەی لەو کارە گرانە رزگار دەکا، یان ماشینیک کە ئوتوماتیک خیابان و
کوچەکان دەگەری و هەر کوی پیویستی بە ئیسفالت هەبی دەیکاو یان بو دامەزرا-
ندنی لولەی ئاو یان فازلاو، لەهەر ئەندازەو میزانیک کەهەر کەس پی‌ی خوش بیت
بوی هەلدەقەنی. بەلام ئەو رەفیقەی من زور موسولمان بوو وتم رەنگە بو سەحرای
عربستان ووشتری کامپیوتەری دروست کردبی کە هەر پیویستی بە ئاو نەبیت و لە
هیچ توفانیکی لم سل نەکات و ریگای لی نەگوری یان دەزگای کامپیوتەری بەرمال
دروست کردنی دروست کردبیت کە مەسەلەن لەسەعاتیکدا ١٠هەزار دانەدروست
بکات، بەهەرحال هەر نازانم ئەو حەفتەیەم چون گوزەران، نان و خوراکم ببوو
بەئەوئیختراعە، لەگەل ژنەکەم، منداڵەکەم، ئەگەر دەدوام هەر لەسەر ئەوئیختراعە
بوو، تا ئەوەی کەتا دوو روژ لەسەر یەک ئەو رەفیقەم نەدیت کە بیت و سواری -
ئوتوبوس بیت و بچیت بو سەر کارەکەی، زور بە نیگەرانیەوە چووم بو سەرکارو
زور بە نیگەرانیەوە هاتمەوە.

بو بەیانیەکەی هەر کە لە خەو هەستام، دەم و چاوم شورد یەکسەر چووم بو لای
مالەکەی و ناوو شوهرەتم هەلدا کەس نەیدەناسی بە خومم وت هەمیشە وابووە
ئەنیشتەنیش پیشتر کەس نەیدەناسی و کەس نەیدەزانی دەبیتە نابغەو ئەتوم
کەشف دەکات، تەنانەت بیست بووم کە ئەنیشتەین لە دەرس و شتیش زورتەنبەل
بووە.

زور گەرام تا ئەوەی کە ماشینیکی سوپای پاسدارانم دیت کە نیگابانیکی لەلا
وەستا بوو. هەر کە دیتی چاوم بو شتیک دەگەری، وتی ئەوە بەشوین چدا دەگەری.
وتم واللە بە شوین فلانە کەس. وتی چ کارەیە. وتم موهەندیسی بەرقەو رەفیقمە
دوو روژە نەمدیوە بچیتە سەر کار، منیش نیگەرانی بووم. وتم بیم لی‌ی بپرسم

بەلام ماڵەکەی نازانم، وتی لیرە راوەستە ئیستا دێمەوە، بەلام تەکان نەخوی دوای ئەوەی گیرفانەکانم گەرا، رویشتەوە ژووری و دوای ١٠دەقیقە هاتەوە وتی ئەوە ئیستا دیت، ئیرە ماڵی ئەو موهەندیسە بەریزەیە، بەخودای موتەعال ئەگەر درۆت کردبی یان بە نیاز بی سەدەمەیەک بە موهەندیس بگەیەنی ئەوە میشکت دەپژینم. وتم بابە واللە باللە زور رەفیقمەو حازرم بو دیتنی ١٠روژ زیندانی بکیشم بەهەر حاڵ موهەندیس هاتە دەری. لیباسیکی زور گران قیمەت و شیکی لەبەردابوو، بە خوشحالیەوە هات بولام و دەستی لە مل کردم، یەکەم جار بوو دیتم بەدل پیدەکەنی. ٢-٣ جار بەتووندی ماچ کردو لیم پرسی ئەری جەرەیان چیە، ئەوە ئەو ماشین و نیگابانە لیرە چی دەکا، وتی ئەوە نمایندەی دەولەت هاتوتە ئیرە ئیختراعەکەم ببینی، ئەوە دیویانەو زوریان بەدل بووە، وەپاداشتیان پیدام. وتم ئیستا چ دەکەی، وتی ئیتر ناچم بو شیرکەتەکە. ئەوە دەولەت وتوویەتی دەبی لەگەل ئیمە کار بکەی و لەو ئیختراعەمان بو دروست بکەی و چونیەتی کارو بارەکەی فیری جەماعەت بکەی، وتم باشە کارو باری ئیختراعەکەبە کوی گەیشت کەی رایدەگەیەنن. وتی ئیمرو دەیبەین تاقی دەکەینەوە ئەگەر کارەکەی سەرکەوتوانە بوو ئەوە رایدەگەیەنین‌هەر لەبەر ئەوەش ئەم گوت و شلوارەم لەبەر کردوە چون رەنگە خەبەر نگارو شتی وابین عەکسم بگرن. لەو دەمەی دا جەماعەتیکی چەک بەدەست کە مەلایەکیان لە نیودابوو هاتنە دەری. موهەندیس بەپەلە خەریک بوو بروات. وتی ئەوە نمایندەی دەولەتە. منیش رویشتم هەر بەدەم رویشتنەوە لیم پرسی لە کوی بە تاقی دەکەنەوە. خەریک بوو سواری ماشین بێ کە وتی زیندانرو رویشت، کاتیک وتی زیندان راچلەکیم. کەلەرێی ماڵیدا بووم هەر فیکرم لەوە دەکر-دەوە کە باشە بو زیندان، ئەنواعی فیکرو خەیالاتی چاکو خراپ لە میشکمدا دەهات و دەچوو، زیندان، .. زیندان، باشە ئاخر بو زیندان؟

زیندانم هینا پیش چاوم و وتم بزانم چ ئیختراعیک دەتوانی لەوی بەکەلک بیت فیکرم لە تەلەفزیونیک کردەوە کەبتوانی لەتەواوی سلولەکاندا فیلمی عیلمییان شتی لەو چەشنە پیشان بدات، یان کامپیوتەریک کە بتوانی لیباسبدوورێ.

خولاسە فیکرم زور بری نەکرد، ئاخری وتم ئەوە لە داهاتوودا دەیبینین، ئیوارە کەلەکار دەگەرامەوە ریگاکەکەم وا هەلبژارد کەلەپیش ماڵی ئەوانەوە بوگزەریم. لەدەرگای ماڵەکەیانم دا بەلام خوی لەماڵ نەبوو، پیاویک هاتە بەر دەرگا، هەوالی موهەندیسم لی پرسی، دوای ئەحوال پرسی وتم ئیختراعەکە بوو بەچی، وتی ئەوە بە خیرو خوشیو سەربەرزیەوە تاقی کراوەتەوەو روژنامەو گوڤارەکان عەکسیان لە خوی و دەزگاکەی گرتووە و قەرارە سبەینی لە روژنامەکاندا بەخەتی گەورە چاپ بکریت. زور بە خوشحالیەوە گەرامەوە ماڵ. بروا بکەن تەواوی ماندوویەتی کاری ئەو روژەم لەلەش دەرچوو. لە ریگا بیرم دەکردەوە بەراستی چ سەربەرزیە کە ئینسان کوری ئاوا یان برا یان تەنانەت خزمی وای هەبی.بەلام هەر لە فیکرمدا بو کە بلیی ئەو ئیختراعە چی بیت؟ بەیانی زووتر لەهەموو کات لە خەو هەستام

دەموچاوم نەشوردو وەری کەوتمو چوومەبەر دەرگای روژنامە فروشەکان، هیشتا روژنامەکانی بەیانیان نەهینابوو، بروام پی بکەن هەر کە ئەو ماشینەی روژنامەکەی دەهینا نزیکتر دەبووە دلم، دلە خورپەی تی دەکەوت و زورتر لیی دەدا بە جوریک کە خوم دەنگیم دەبیست .

ئاخر شوخی نیە ئەوە ٦ مانگ بوو تامەزروی ئەو روژە بووم. لەهەر روژنامەیەک ـانەیەکم کری، وتم نەکا تەواو بیتو من نەتوانم ببینم بەتایبەت کەنەمدەزانی لە کام روژنامەدا چاکتر باسی ئیختراعەکە کراوە.

تائەوەی کەلەلاپەرەی یەکەمی روژنامەی کیهان دا عەکسی موهەندیسم ناسییەوە لەگەل دەزگایەکی چکولە کەلەبەر دەستی دابووکاتیک چاوم بریە سەر تیتری هەوالی سەبارەت بە ئیختراعەکە، بەر چاوم رەش بوو، سەرم گیژی خواردو بەدەمەوە کەوتمە بەر دوکانەکە.

کەمیک ئاویان لە دەموچاوم دا تا وەک خوم لی هاتەوە، لەرقان خەریک بووم بتەقم، پیم خوش بوو ئەرز زاری هەبوایەو قوتی دابام، پیم خوش بوو ئەو روژنامانەی کری بووم بومب بوایەو بە مەحزی دیتنی ئەو خەبەرەبتەقیباو هەم من و هەم موهەندیس و هەم دەزگاکەی و هەم ئەو کەسانەی سفارشی دروست کردنی دەزگاکەیان دابوو بردبای بو ئاسمان و لەت لەتی کردباین.زورتان پی سەیر نەبی ئاخر ئەگەر ئیوەش لە جیی من بوان هەر واتان بیر دەکردەوە ، ئاخر دەقی خەبەرەکە ئەوە بوو.

« موکتەشیف و موهەندیسکی ئیرانی بە بێ هیچ چەشنە ئیستفادەیک لە وەسایلی خارجی دەزگایەکی دروست کردووە کە لە ١ سانیەدا دەتوانی قامکەکانی دەستیان پیی ئینسان لە هەر ئەندازەیەک دا کە پیویست بێ بە شیوەیەکی کاملەن ستریل و بی دەردی سەربریت، ئەو دەزگایە دوینێ بەسەرکەوتوویەوە لەسەر ئینسانیک کەبەجورمی دزیبازداشت کرابوو تاقی کرایەوە، هەر چوار قامکی دەستی راستی بەو دەزگایە پیشرەفتەکامپیوتەریە برایەوە. »




نوسەری بە ناو بانگی ئەرمەنی

**موسس ئارازی**

**ن. حسامی**

گویم بدەنێ! ئەگەر ساتیک راوەستن و گویم بدەنێ، هەمووشتیکتان لە سەرەتاوە هەتا کوتایی بو دەگیــرمەوە. ئەگەر دەشرون، باشە برون، بو سەوزەلانی و بالندەکانی دەگیرمەوە.

کیژولەکەم نەخوش بوو.

ئەم کچەی من، گولیک بوو وەک ئیوە ـ هو گولالە ســوورەکان ـ سیمای گەش و قــژی خاوی چین لە سەر چین.

دوکتور لە پلیکانی مالەکەمان ـ کە ژیر زەمینیک بوو ـ هاتە خوار. خەم دایگرتبوو. چونکوو حــەزی بە ژیانی ژیر زەمینەکان نەدەکرد. بەلام، سەرەنجام هاتە خوار. چاویکی گیــرا. لە کچەکەم و لە دیواری ژوورەکەمانی روانی و وتی:

"ئیــرە نمــی هەیە. دەبی مالەکەتان بگویزنەوە جیکایەکی تر. دەبی ژووریک پەیدا بکەن خور تیی بکــا". ئەمجار پرسیاری کرد:

"چەند منالتان هەیە؟" وتم "٣: منال ... دوویان مردن. تەنیا هەر ئەم کچەمان بو ماوەتەوە. دوکتور! رزگاری کە. ئەم کچە تین و گەرمای ژیانمانە. هیزی ئەژنومانە."

نوسخەیەکی نووسی و بە سیمایەکی خەفەتبارەوە، رویشتە دەر.

کیژولەکەم وتی: "بابە! چی نووسی؟"

وتم: "خــورە تــــاوی بو نووسیوی گیانی بابە! دەرمانی دەردەکەت خــــورە تــــاوە.

هەر ئەو رۆژە بە شوێن خۆر و هەتاوا چووم. دوور، دوور، هەتا ئەوبەری شــار هەتا ئاخرین ماڵەکانی ئەو سەری شار رۆیشتم و ماڵیکی روو لە خۆرم دیتەوە.

هـۆ گـوڵاڵـەکان! هـۆ منالانی خـۆرە تـاو!

خۆزگە کیژۆلەکەم هێنابایە لای ئێوە، هەتا نوقمی نووری سەوز و سووری بکەن. دەزانم ئێوە ئانتان بێ نەئەدا، چونکوو بژێوی خۆتان شەونمە.

سبەینێی ئەو رۆژە، دەبوو کچەکەم بردبایە بۆ ئەو ماڵە روو لە خــۆرە. بەلام هەر کە شەو رابورد و بەیان ئەنگوت، بانگی کردم. دەستمی بە دەستە بچکۆلەکانی گرت و بۆ هەمیشە چاوی لیک نا.

خەڵک هاتن و بردیان.

کاتیک کیژۆلە قــژ زێرینەکەم لە من دوور کەوتەوە، دانیشتم و گریام. هەرچەندی کرا گریام. چونکە منیش گرفتاری دەردی بێ خۆرەتاوی بووم.

چوومە لای قەبرە بچکۆلانەکەی و چاوم لە ئاسوی رۆژهەلات بری. چاوەروانی خۆر بووم. کچەکەم لە بەر چاوم بوو دەم دیت خۆری کردوەتە باوەش و بە قژی زێرینی دای پۆشیوە.

کاتیک باسی خۆرم بۆ ژنەکەم و دایکم گێراوە، بڕوایان پێ نەکردم. پێیان وابوو من تێک چووم. بە چاو کزی بێ سۆمای بێ فرمیسکەوە بۆم گریان.

رۆژیک چوومە لای خـــۆر و پێم وت:

ئــەی خــۆری دارا! گلەییم زۆرە لە تۆ... تیشکیکی خۆرەتاوت بە کچەکەی من رەوا نەدی و لە باوەشی مەرگت هاویشت.

خـــۆر، خەفەتیکی قورس دایگرت. ئەمجار، ئاوا بوو. وتی:

بــرو بە هەمووان بڵی کیژۆلە قــــژ زێرینەکەت من نەم کوشتوە... ئەوان، ئەوانەی لەو سەرن، تیشکی منیان یەخسیر کردوە، کچەکەی تـۆ، ئـەوان کوشتیان!

احمد شاملو

# گورانی گەورەترین ئارەزوو



ئاخ ئەگەر ئازادی سروودیکی خوێندبا
بچووک
هێندەی گەرووی باڵندەیەک،
لە هیچ کوێ دیوارە رووخاویک نەدەما .
ساڵیانی ساڵ پێ نەدەچوو
پەی بەم حەقیقەتە بەری
کەهەر کاولو وێرانەیەک نیشانێکە لە تەرە بووسی ئینسانێک
کە ئینسان خۆی
هەوێنی ئاوەدانییە .

□

وەک برینێک
بەدرێژایی هەموو ژیان
خوێناوی لێ بتکێتەوە

وەک برینێک
بەدرێژایی هەموو ژیان
بەوشکە ژانێک چڵ بداو
بە گەرمای خۆی بکولێتەوە

بە هاوارێک چاو هەڵێنان،
بە نەفرەتێک لە قالبی خۆ هەڵبڕان ،

□

ئاخ ئەگەر ئازادی سروودیکی خوێندبا
بچووک ،بچووک
چکۆلەتر، تەنانەت لە
کۆنی گەرووی باڵندەیەک !

ن- حسامی
کردوویە بە کوردی

# رانەهاتن

احمد بازگر

وەک کارمامزێکی ڕەزا سووک،
هەڵبەزینی
ڕەنگی تیژی و حەساوەیی پیوە دیار بوو؛
ئەو منالە خوێن شیرینەی
لە پشت سەرم
تەق تەقیلەی تەقاندەوە.
سەرم هەڵبڕی
لەو بەرمەوە قاقا بە من پێدەکەنی
لە بەر ئەوەی را چلەکی بووم.
لەوانەیە پێی سەیر با
ئەگەر گوتبام،
من بە درێژایی عومری ئەو
بە دەنگی تەقە هەستاوم
لە گەڵ تەقە ڕوو بە ڕوو بووم
لە ناو تەق و توقا خەوتووم
کە چی هێشتا؛
بە دەنگەکەی ڕانەهاتووم!



# چۆن بۆت بدوێم!

احمد بازگر

شەو درەنگە و
تازە ئاشنا
بۆم دژوارە، یەکجار دژوار
ئەو چیرۆکەت بۆ بگێرمەوە
کە لە مێژە
ئەمرو بە سبەی پێ دەکەم.
وشەکانی ئەم چیرۆکە
وەکوو ماسی لووسی بن گۆم
لە دەستمدا هەڵدەخلیسکێن.
وشەکانی کوترە شینکەن
ماڵی نابن و
لە قەڵبەزی وەسفەکانمدا ناحەجمێن.
شەو درەنگە و تازە ئاشنا
یەکەم جارە
ئەم شاعیرە
بۆی دژوارە لە خۆی بدوێ.
یەکەم جارە
وشە لێم سرک و عاسی بێ و
بە سەر زمانمەوە نە پشکوێ.
تازە ئاشنا
نیگەرانم
بە هۆی وشەی نارەسەن و
گری گری
دڵی چیرۆکەکانم بریندار بێ

زور دەترسم
دەس نە کەون ئەو وشانەی
کە نەهلین
بالای ریکیان خیچو خواربی.

چون بوت بدویم تازە ئاشنا
چون بوت بدویم
دنیای چیروکەکانی من
زور ئامویەو
لەناو خەیالی لە تیفی
توی دل ناسکا ناگونجی.

دنیای چیروکەکانی من
رەقو تەقە و زبر دەدوێ.
پەلە بارانی ناو دنیای
چیروکەکانی من
ئەو بلوورە قال بووەنیە
تازە ئاشنا کە تو
لە پشت پەنجەرەی مالەکەت
چاوی حەزی پێ هەلدێنی.

کریوە بەفری
چیروکە کانی من
ئەو سپی ئاوریشمە نییە
لەسەر ئاسمانی شارەکەت،
دەستی سروشترای وەشینێ،
توێ توێ بکەوێ و
باوەشی خوی تێوە رێنی.

چون بوت بدویم
تازە ئاشنا
چون بوت بدویم

ئاخر خو تو
تاقە جاریک
چوڕاوگەی لێلی گوێ سوانان
بە پشت ملتا نە چووەتە خوار

تاقە جاریک
ناچار نە بووی
لە ناو شەوی ئەنگوستە چاو

هەست و خوستی لە خوتبڕی
بێ چرپە بڕوی
لیت یاغی بی
خشەی گەڕە گەڵی نزار.

ئاخر خوتو
تاقە جاریک
لە بیشەلانی گەسگەسکا
ماندوویەتیت دەر نەکردوە،

بەسەر پەنجە
پولە دڕووت لانەداوە و
لە ناو ویزەی میشولەدا بۆی نەخەوتووی.

تاقە جاریک
شەو درەنگان
هەورازی دوورت نەبریوە
پەلە دەوەن
پەنجەی لە چاوت نەکوتاوەو
لە بەفری تەپلەک نەنکوتووی.

تاقە جاریک
نیوچاوانت
لەسەر دەرانان نەکوتاوە

تاقە جاریک
قەوزەی شینی
سەر گومیلکەی بۆگەن کردوو
لە ناو گەرووت نەگیراوە.

ئاخر خوتو
تاقە جاریک
لە ناو گەرووی
دوڵ و زندوڵ ی لاپەرو
شاخ و تەلانی هەڵدێرو
دارستانی چڕ و پڕ دا
هەڵە نەچووی و ونەبووی.

یان خو جاریک
هەڵپەی سەر شیتی سیلاوی
کوێرە شیویکی لاتەریک
بەری ریگەی پی نەگرتووی.

چون بوت بدویم تازە ئاشنا

چون بوت بدویم

هێشتا گوێی تو

بە موسیقای لاواندنەوەی

دایکی رولە جوانە مەرگا

رانەهاتووە.

تاقە جارێک

لە گەل هاتنە دنیای

کورپەیەکی باوک شەهید

ئەزووت بە لەش‌دا نەهاتووە.

تازە ئاشنا

تاقە جارێک خو دلی تو

بە کسکەی گوللەو گرمەی توپ

لە ناکاوا رانەچلەکیوە.

هەرس هیانی بێ رەحمی

قامەتی خوشەویستانت

قەت بە چاوی خوت نەدیوە.

چون بوت بدویم

تازە ئاشنا

چون بوت بدویم

لە ناو چیروکەکانم‌دا

لە ناو میحرابی مزگەوتا

خوشەویستی لە دار دەدرێ.

لە قوراوچکەی منارەوە

شەوە زەنگ و مەرگ

لە جار دەدرێ.

شەو درەنگە تازە ئاشنا

ئەگەر ئەمجارە هاتیەوە

دەتکەم بە میوانی

قارەمانی

چیروکەکانی خوم

ئەو کەسانەی لە عەشق دەدوێن

ئەو عەشقانەی

کولی ژیان

لە سای واندوە دەپشکوێن.

ئەگەر ئەمشەو

بە هوی ئەم شیعرە لالەوە

لە چاوت زا دلوپی ئەسرین،

ئەگەر ئەم جارە هاتیەوە

دەستت دە نیمە نیو دەستی

قارەمانی چیروکیکم

گورانی بلێ

دەنگ هەڵبرە

با ئاژین بیتە سەر لیوت

تریفەی بە تینی پیکەنین

ئەگەر ئەمجارە هاتیەوە

ئیتر ناڵیم

"چون بوت بدویم

تازە ئاشنا چون بوت بدویم"

تو دانیشە

راست و رەوان

منیش دە دویم.

**یوتوبوری**
٩٢/٢/٢٧

# تەکان

ن حسامی

هیچ بیرتان لەوە کردوەتەوە، ئارەزووی ئینسان لە چ روژیکەوە چرو دەکاو تەکان بە ئینسان دەدا؟ لەو روژانەوە کە ئینسان فام دەکاتەوە یان لەو روژانەوە کە بە جەوانی دەگا، رەنگە هیچ کەس نەتوانی روژیکی تایبەت دەست نیشان بکا، بەلام بیگومان ژیانی ئینسان بە بی خوزگەو ئارەزوو، عەینی بالی براوی مەلیکە کە ئیتر مەگەر هەلفرین بە خەون ببینیتەوە. عەینی گرمیکی مەندی باوەشی خەزانە کە قەوزەو گەلای وەریوی پایزان دایدەپوشی و ئیتر لە بیر دەچیتەوە.

منالیکی ساوا، پیش ئەوەی دەستەکانی خوی بناسی، لە باوەشی گەرمی دایکی‌دا، لە مانگە شەویکدا بوّن بە خەرمانەی مانگەوە ئەکا و دەستی بو دەبا بیگری.

ئەمە ئەو رازە هەرە گەورەیەی ژیانی ئادەمیزادە کە تەکانی پیدەدا بە دالانی پیچاو پیچی هەزاران سالەی تاریخ دا، تیپەری، شاخ کون کا دەریا ببری، بخروشی، برووخینیّ و ئاوەدان کاتەوە و بچینی و بدرویتەوە و بژی و بشکی و هەستیتەوە.

ئینسان ریبواری بیّ سرەوتی خوزگەو ئارەزووی خویەتی.

ریبواریک کە پیش یەکەمین گزنگی بەر بەیانی تاریخ ری کەوتووە و هەتا سەر مەنزلی ئەمن و ئاوەدانی و مەبەستی خوی، هەدا نادا.

سەراسەری میژووی بەشەر یەک داستانە و قارەمانی ئەو داستانە ریبواریکە کە ئیوەن!

# من بەهارم خوش دەوێ

شەبەق

ئەتیشکی زێڕینی خورەتاو تازە لە چاوەکانی شاخو دەشت ئەدا و ڕووباری ڕوون و خوڕ ماچی بزەی خورەتاو ئەکا و شارو گوند بە چەپلە ڕیزی موسیقای ستەم بەزین دێنە سەما، لە ئاوینەی چاوەکانی بەهار من لەو ڕۆژ هەڵاتە زەردەدا بۆ خوزگەیەکی ون بووی خۆم ئەروانم.

شاخ، یاڵە زەردەکانی بەدەم تیشکی خور و شنەی شەوبا داهیناوە. ئەحلانیکە و غرووری سەرکەشی خوی بە گەردنی کیلی هەلیناوە.

ئەو پەراو پەرتا چاو هەتەر دەکا، دەشت بە گیای سەوزینی خوی ئەبالیتو بزەی زەری زانی هەزار جارە گولی نیرگزو سویسنی لەسەر لیوو لە دل هەلقولاوە.

چوم وەک سەر پشتی پوولەکاویی ماسی حەوزە روونەکانی بەر هەتاو ئەبریقیت و گول ئاوینەی هەزار خوری سپی لە چاوی رەنگاورەنگی تروسکاوە.

گوند لە چاوەکانی خورا چاوی ئەشوا و بە دەسرەی نەرمی شنە ئاونگەکانی کولمی سەوزینی خوی ئەسریتەوە. مەحشەریکە لەم چولانە و عەتری خەستی هەوای مەستی بەهار سەرا سەرو ناخی شانەکانی ژیانی پر کردووە و لە گەرووی بالندەکان ئەرژیتەوە. من لیرەم و لە وون بوویەکی خوم ئەروانم.

من شارەکیم. بەهاری شارم خوش دەوێ من دەمەوێ چاوەکانی شار بە خەندەوە بینە دوان. من دەمەوێ پارک و باغەکانی شار عەتری دەمی گولیان بە ماچی کولمی گەورە کچانی کوچەکانی شار بگورنەوە. لە مەجبوورئاواکانی شارەکان دار کاج هەبن بە جیی ئازار، ئەوان بالا بکەن، وەکو گیانی سەوزی بەهار سەوز بن و شین ببنەوە.

من نامەوێ قژی وەنەوشەیی گەزیزەکان برنمەوە و نیرگزەکان چەپک چەپک بو فروشتن بچیننەوە.

من شارەکیم بەهارم خوش دەوێ. من خوزگەمە تۆوی بەهار خوشەویستی ووشیاری بی و لە باغچەو مال و لە ناو دلی منالانی حەلەبی ئاواو قەرەچی ئاوا و کوپین ئاواکانمان بچیندرێ و هەموو سالی وەرزی بەهار من دەمی پر لە خەندەی ئەو منالانە ببینمەوە!

# تازەمزمەی شایی بەهاریکی ئاگرین

لەدەروونی ئینسانی گەورەدا ، لەدەروونی ئەوانەی وا ساکاروئازاد
دەژین، ئارەزووەکان وەکوو گوله باخ له بەیانیانی بەهارا ده پشکوێن.

له بەیانیانی بەهارا دلانی پر هومید وەکوو کانی بنارەکان دەتەقین
و سەوزەزارێکی پڕ گولی شادی لە دەورو پشتیان پڕ دەروێن.

ئەو ڕۆژانەی خوشەویستی باغچە، باغچە لە دلی خەلکا دێ بـــخملێ
و شنەی شادیگەردی پەژارو خەم داتەکێنیو تروسکایی بدا بەژیـــن؛

ئەو روژانەی تریقەی منالەکان بە خشلی هەزارە ڕەنگی دل بزویـــن
دەشتو شاخو باخو کووچەو کولانەکان ببزوینێ و سەراپایان پڕ بکـــا
لە نەغمەی پی کەنین ؛

ئەو روژانەی هەستو هەوای سیزدە بەدەر دەشتو دەر پر بکـــا
لە جوولەی خەلکی شارو دێ و تازە گولو گەلای وردو غونچەی سەوزی
دارەکان لە گەل خوڕەی چۆمو چیرە چیری بالندەکان و ترپە تـــرپـــی
پر لەجـۆشی خۆشی رەش بەلەکی گەنجو لاوەکان دنیا بێنێتە ســـەر
سەماو هەلپەڕیـــــــن ؛

هەموو خەلکی عاشقی ژین ، هەموو دلانی ساکاری پر ئەوین ، هەمـــوو
منالانێ کەزیزو زارلەدەس کزین ، جلوەی جوانی بەهار ، زیند ووتـــر
دەکەن تازەمزەمەی شایی بەهاریکی ئاگریـــــن .

# هێز لە اتحادیە دایە!



جەوهیل
ریبوار

دەتەوی ئایا رزگـــار بی
لە کویلەتی کری گرتە؟
دەی وەرە پەیوەس بە بە زومـرەی یەکیەتی گەورەی سەنعەتی!
دەتەوێ ئایا رزگـــار بی
لە نەداری و برسیەتی؟
دەی وەرە بەشی خوت بیەکە
دەستت بـــا بی!

هیـــــز لیرەیە،
هیز لە پیکەوەبوونی کریکار دایە،
کەوا ڕاوەستاون پتەو
دەست لە نیو دەست!
ئەوە قـــودرەتە
هێزیکی وا دەبی دەستلات بە دەستی بی
لـــە هـــەر جێگا،
سەندیکای گەورەی سەنعەتی!

دەتەوی ئایا لە ئاسمان
کوشکی زێڕینت بێ و،
لیـرە لە کۆلیت بژیت مەینەت بار؟
دەتەوێ ئایا لە بەحەشت بە باڵ بفـــری
بەلام لیرە شەنگە شرەت بە کۆلتـەوە؟

ئەگەر لە باسی بەرخی قوربانی ماندوو بووی
دەی وەرە پەیوەس بە بە زومرەی گەورەی سەنعەتی
ئەگەر بو تەغیری زایەقە
گۆشتی ڕان و هێلکەت دەوێ،
دەی وەرە بەشی خوت بیکە،
دەستت بـا بی!

ئەگەر دەتەوێ قولچماخ
لە تەبلی سەرت ڕاکیشی
ڕیکخـــراو مەبە،
سەندیکاش پووشێک نازێ!
ئەگەر پێش مردنت هیچت ناوێ،
لە گەڵ کارفرما تەوقە بکـە و
عـاقـل بـە!

وەرن هەموو ئێوەی کارگەر
خەڵکی هەر وڵاتێک کە هەن
وەرن پەیوەس بن بە زومـرەی
یەکیەتی گەورەی سەنعەتی
ئەمجار با بەشی خومان لەم کورەی ئەرزە داوا بکەین،
وەرن، وەرن بەشی خوتان بیکەن،
دەستتـان با بـی!



# کچی شۆڕشگێڕ

شیعر و ئاهەنگی
**جەوهیل**
**ریبوار**
کردوویە بە کوردی

هەر وەکو هەموان دەزانین
لەم دنیا پڕ لە مەینەت و نەگبەتە دا
ژنانی جوراوجور پەیدا دەبن
هەندێک لە کۆشک و عەمارەتی جوان دەژین
جوانترین لیباس ئەبوشن
شاژن و شازادەن
نەجیب زادەن
کە جوانیان بە ئەلماس و
مروارییە
بەلام خانمی جیگای ڕێز و تاقانە
هەمان کچی شورشگیرە
هەمان کچی یاخی هەمان
کچی خەباتکارە
کەبۆ چینی کریکاران، خوی،
مرواریيەکی نابە
پیشتریش بوومانە کچی ئاوا
بەلام بو یەکیەتی کارگەرانی سەنعەتی جیهان
لەمانەش زیاتر پیویستە.
چونکو عەزەمەتە جەنگین بو ئازادی
ویرای کچێکی شورشگیر



بەڵێ، رەنگە دەستەکانی بە کار کردن زبر بووبن
رەنگە لیباسەکانیشی زور جوان نەبن،
بەلام دڵێک لە سینەی دا لیدەداکە
راست و ڕەوانە لە گەڵ هاوچینی خۆی
لە گەل هاو نەوعی خوی
تالانکەران، سەرتا پایان دێتە لەرزین
کاتیک ئەو توورە وەجواب دێ و هیرش دەکا!
ئاخر خانمی جیگای ریز و تاقانە
هەمان کچی شورشگیرە!
هەمان کچی شورشگیرە!

# کارگا

عبدالقادر سعید

١٩٨٧

## ١

تاریک و لێڵ
هێشتا دوو چاوی نوستوی شەو
نوقمی خەوە.
شەقام تەرمی دارستانێکی سووتاوە،
تارماییەک قیبلە نومای دووپێی سـرک
ئەخاتە سەر ڕێچکەی کارگە و هەنگاو ئەنێ؛
دوو چاوی زیت ...

دڵێکی ناو قەفەزەی سنگ
خێـرا... خێـرا
لێ ئەدات نەک:
چولەکەیەکی هەڵکورماو
یا سەگێکی خوێڕیی نووستو!
یا ئازارێکی بە خەبەر
لە ترپەی پێی ئەم ڕاچەنێ.

## ٢

چێشتەنگاوێکی درەنگە
گورگێکی چاو برسی کەتە
کاسە سـەری، لە بریقەی کەوشەکانیا سەما ئەکا
دوو بڕۆی پڕ، دوو چاوی لێڵی شپرزە،
ڕەشە بای بیـر
ئەیان هێنێت و ئەیان بات.
کە چەخماخەی ئازار ئەیـدا
لە پووشووی ڕەنـج
لە گەڵ یەکەم هەناسەدا
سەمفونیای جەنگێکی خوێنین
بە بێ دەنگی دەست پێ ئەکات.



٣

چوار وەرزی سال
ئیمە لە ناو زلکاوێکی شەختەبەندا
وەک بەر بینــی بـوق ئەلەرزیــن.
ناموێی، پولی دالاش و واشەی دڕن
وا برزانگمان لە چاوەکانمان باخی بوون
ئەمــڕۆ سبــەی،
ژەنگ هەل ئەهینین و ئەرزین.


٤

ئاژیر لـێی دا.
کارگە چنگی لە خوێنی کارگەران بــەردا و
پۆل. . .پۆل بــــەرەو،
دوا دەروازەی شورەی کارگە
هەوری گیانیان ئەگرمێنــێ
بی گومان لە دوای ئەوەی کە....،
پاسەوانی، هەر لە یەکەم دەروازە دا
وەک دزیکی بە دیل گیراو
دوو دەستی بەرزی یەخسیـری
ملێکی کچ
"بو دلنیایی"
ورد گیرفانمان ئەپشکنێ.

٥

ئەو هەنگاوە هێورانەی بە ئاگا دا.
کە ڕوانیان، ڕەوەناوی خانەنشین
وشە گوشراو...
پەرە لە خەما پیچ خواردوو،
وا بە ناوچەوانی زەقــــی..
پەنجەرەیەکی پرسگادا.
بۆنی مردن ئەو ناوەی گرت
چونکە بێ گومان....ئالێرەدا...
کارگەرێکی پاش "سیی" سال ڕەنج
پیریەتی چاوی هەلکۆڵی و
کارگە تینی لە بەر بــڕی
بە پیی یاســـای بەرهەم هینــان
ئەبێ لە برسانا بمــــری!

# دەی هاورێیان



"بو کریکارە، فریو خواردووەکانی،
دەستی بورژواکان"

شەڕێکتـــان،
بوچیـــــە؟
گیانتان تیا گۆشتی بەر تۆپی
تەماعکـــاران بێ؟
ئیمە ڕێبوارە نەسرەوتەکەی جارانین
شـــــــەڕەکانی ئـەوان،
ئوقرەمان نـــادەن.
دەی هاورێیان
وەرنە بەر هەنگاوی
شـــورا راساواکەی قاچە،
زنجیـــر کراوەکانمـــان.

ئازادییەکتان،
بو چیـــــە؟
ئازادی کرین و فروشتنی،
دەستەکانمان بێ.
ئیمە ریبوارە ماندووەکەی جارانین
ئازادییەکانی ئەوان،
پشـــوومان نادەن.
دەی هاورێیان
وەرنە بەر هەیوانی حەوزە حیزبییەکانی،
شـــوراکانمـــان.

○

پەرلەمانێکتان،
بۆ چیـیـــــە؟
هەر چوار ساڵ جارێ بە سەرتانەوە،
حاکم بێ؟

ئێمە ڕێبوارە برسییەکەی جارانین
پەرلەمانەکانی ئەوان
برسێتیمان ناشکێنن
دەی هــــاوڕێیـــان
وەرنـــە بەر ڕەهێڵـــەی هــەرەوەزی.
مانگرتنـــی،
ســــەرکەوتنـــەکـــانمان.

دەی هــــــاوڕێیـــــان
هــــــاوڕێیـــــان دەی،
دەی ،
دەی ...

١٩٩١/٨/٢٩
کـــــاوە

★

# لەم جیهانە ئاوەژوە دا

سەعید قایشی

تا چاونەبـــریتـە
بارەگـــای خـــودا،
تا دەس بە داوینـــی
پیغەمبـــەری نەبیت،
تا ســـــەر
لە "حجرالاسود "ی دراو
نـەســووی،
تا " سەفـا و مـەروای"پتـــرول
بە سەری رووت و پێی پەتـــی
تـەی نەکـــەی،
لەم جیهانە ئـاوەژوە دا،
بـە هیچ کـام لە مـــرادەکانت نـاگـــەی!!

# بانگه‌وازێک

شیعری:
**داستان**

دوێنێ،
له به‌ر قشلی ژیان راوه‌ستام و
ده‌ستێکم نا...   به زه‌نگه‌وه
ده‌روازه‌م لێ نه‌کرایه‌وه
چووم له سوچێک گرمۆڵه بووم
وه‌ک ده‌رکراوی شار و دێ،
زۆری نه‌بــــرد..
ده‌رزی ووشه‌ی یاساوڵێک ڕایچڵه‌کاندم!
ـ ئێره شوێنی وه‌ستان نی‌یه.
حه‌په‌سام ...بــــو؟
ووتی:
ـ رامه‌وه‌سته بــــڕۆ.
چاوم گێڕا ئه‌م لا و ئه‌ولا
ته‌نانه‌ت رایه‌ڵی نیگانم
به ئاسمانیشدا هه‌ڵواسی!
تارمایی زۆر له به‌ر چاو بوون
وه‌لێ منیـان نه‌ده‌ناســی!

گه‌لــــۆ،
چه‌نده جانگ و دزێون
چاوی برین زمانی خه‌مه
تو پی رۆژ دنلێسێته‌وه
خــــۆ نازیــــون!

دەسەیر کە ...
ئێرە بەها درەختێکی گڵا وەریوە
قەڵەموونێکە سەر براوە
لە خوێنی خۆیدا گەوزیوە
ئێرە بەها قاپوتی شوانە ویڵەیە!
کە بە بێ شوان لە بەندەنێکدا کەوتوە
کوا ئێستاکە
سەر بەرگی زستانی تووش و
ڕۆژی سەخت و ڕەهێڵەیە
ئێرە بەها ... تاسی کۆن کۆنی گەرماوە
ئەم بۆ ئەو و ئەویان بۆ ئەم
فڕێی دەدا ئاو ڕاناگری؛
ئێرەبەها، بەهای مرۆڤ...
شووشەبەندێکی شکاوە!

□

دەستم بگرن ..
با دەستەکانمان یەک دەست بن
ڕێگام بگرن.. با هەنگاومان
بۆ هەواری یەک مەبەست بن
بێ نیازە..
باڵندەی دەنگم لە گەرو بێتەدەرێ
دوندێ نیە بچێتە سەری،
درەختێ نیە ..گوێ چەم و ڕووبارێ نیە
دەریای شین و بەرین نیە
کە، لە سەری بێت و بچێ
کاسەی سەری ئێوەی برسی لێ دەربچێ!
وەیلانە خۆر و دەرژێتە چاوی کاتێ؛
زەمەنێکی یاخی بووە
دەستی دەوێ
دەسکە چیلەی فەنا بوونی بەر بداتێ!

□

# یادداشتیك

## شه‌وبۆ

به پیی گوزارشی یه‌کیک له روژنامه‌کان، مندالیکی ٥ ساله، لـــه یه‌کیک له ئاواییه‌کانی تویسرکان بو لاسایی کردنه‌وه‌ی دیمه‌نی ئیعدا ه‌نافیکی خستوته ملی خوی و، خوی هه‌لواسیوه. خوشبه‌ختانه ئـــه‌و ه‌نافه‌ی منداله‌که خوی پی هه‌لواسیوه، پچراوه‌و ئه‌و منداله ٥ ساله‌یه ه مه‌رگی حه‌تمی نه‌جاتی بووه. ئه‌و منداله له جوابی ئه‌و پرسیاره‌دا ـ ه بوچی ئه‌و کاره‌ت کردووه وتوویه‌تی: "پیم خوش بوو بزانم ئه‌و کـــه ـ انه‌ی به ته‌ناف هه‌لیان ده‌واسن و ئیعدامیان ده‌که‌ن، له‌و وه‌زعییه‌ته ا چ حاله‌تیکیان هه‌یه و پیش مه‌رگ حالیان چیه." گویا سالی رابردوو ه‌ر له‌و ئاواییه‌ ٣ که‌س له خه‌لکی دی‌یه‌که هه‌ر به‌م شیوه‌یه خویان وشتووه. ئه‌و منداله هه‌روه‌ها له دی‌یه‌که‌ی خویان شاهیدی قصاصـــی اتلیک بووه که له به‌ر چاوی هه‌موو خه‌لکی ئـــاوایـی هـه‌لواسراوه و یعدام کراوه.

ئه‌م رووداوه دلته‌زینه، بیگومان نه‌تیجه‌و عاقیبه‌تی ئه‌و ره‌وشـــت و سیاسه‌تانه‌یه که جمهووری ئیسلامی له سالانی حاکمییه‌تی خوی‌دا به‌ره و پیشی بردوون. مندالیک که هیشتا هیچ شتیک له ژیان نازانی و هیشتا ه‌ستی راست و چه‌پی خوی نه ناسیوه، له طولی یه‌ک سالدا، ئه‌ویـــش سالی پینجه‌می ژیانی خوی، مه‌رگی چوار که‌سی له په‌نا ده‌ستی خـــوی یتوه و بیستوه. به‌ر چاوترین و زه‌قترین دیمه‌نی ژیانی گه‌وره‌کـــان ه ئه‌و منداله سه‌رنجی بو لای راکیشراوه بریتی‌یه له کوشتنـــــن و خنکاندن. دنیای گه‌وره‌کانی ئاوا دیوه.

له‌به‌ر چاوی مسعودی ٥ ساله، دنیای گه‌وره‌کان دنیایه‌ک نیه کـــه تیدا ئینسانه‌کان هه‌ول و ته‌قه‌لایه‌کی گه‌ش و سه‌ر زیندووانه‌یان هه‌بێ. دنیایه‌ک نیه که ئینسانه‌کان تیدا تیرو ته‌سه‌ل و بی غه‌م بن. دنیایه‌ک یه که منداله‌کان تیدا ده‌رس بخوینن و کایه بکه‌ن و له هه‌مـــــوو ه‌ختی‌یه‌ک بپاریزرین.




بە چاوی خوی دیتوویەتی، پیاویکیان هیناوە. لە بن داری ئیعدام رایان گرتووە، مەلایەک تەلقینی کردووە و وەسیەتی لی پرسیوە. چەند پاسدار تەنافەکەیان خستوەتە ملی و کورسی‌یان لە ژیر پیی ترازاندووە کابرا کەوتوتە لاقە فرتە و دەست وەشاندن. وەک مریشکی سەر براو هەلبەزیوە و دوای چەند تەکانی توند و چەند نیوە نووزەی خەفەو بی دەنگ، گیانی داوە. رەنگی حەیات لە سەر و چاو و لیوەکانی دوور کەوتوتەوە و بەدەنی شل بوەتەوە. بیگومان ئەو مندالە، لە گەل هەموو تەکانیکی دەست و پیی ئیعدام کراوەکە جاریک راچەنیوە. لەگەل هەموو نیوە نووزەیەکی ئیعدام کراوەکە جاریک بی ئیختیار مشتی خوی قووچاندووە و ددانە کروژەی کردووە. هەتا چەند حەفتەش هەر خەونی پیوە دیوە.

هەر لەم سالەش‌دا خەبەری سی مەرگی‌تری هەر بەم شیوەیە بیستوە و جەنازەکەیانی دیوە کە لە مال هیناویاننەتە دەر بەرەو قەبرستان. فلانکەس لە بەر ئەوەی مندالەکانی پی بەخیو نەکرا خوی کوشت. فیسارە کەس لەبەر ئەوەی ویستوویانە بە زور لە حاجی‌یەکی پیری مارە بکەن خوی خنکاند. فلانکەس ئەلەم دنیا بەرینەدا هیچ دەراویکی روون شک نابا و هەموو روژی تیری ستەمیک لە جەرگی هەلدەچەقی خوی خنکاند. بو مندالیک دیتن و بیستنی ئەم شتانە، تەنانەت لە فیلمی کارتونیشدا بەسە بو ئەوەی مەرگ ببیتە زەقترین تارمایی لەبەر چاوی.

رژیمک کە بە دریژایی ١٣ سال حاکمییەتی خوی، ئەم هەموو دیمەنەی لە ئینسان کوژی و شکەنجە و خوین و سیدارە و شەر و بومبارانی لە خوی نیشان داوە و سەدان هەزار کەسی بە گەرووی مەرگدا کردووە وە دەیان هەزار خانەوادەی بی کور و میرد وبراکوژراو و باوک کوژراو و بی دایک کردووە، بوچی دەبی هیشتا لە سەر کار بی؟

نەجاتی ژیان و گیانی نەسلیک لە ئینسانەکان، لەگرەوی رووخاندنی ئەم رژیمە دایە.



# وەڵامی نامەکان

● عبدالقادر سعید

دوو شیعری "کارگە" و "راهاتن" بە دەستمان گەیشت. هەردووکیان شیاوی بلاو کردنەوە بوو، ئیمە "کارگە"مان هەلبژارد.

● عەباس شوان

چوار کورتە چیروکی "هاوکاری" ، "بەدیل" ، "رابوتین" و "پیشوازی" بە دەستمان گەیشت. سپاسی هاوکاریت دەکەین. چیروکەکانت بو ئیمە بە کەلک بوون.

● ئاسو

نامەیەک و شیعریک بە ناوی "نامەیەکی کراوە" بە دەستمان گەیشت. نامەکەت لیرەدا بلاو دەکەینەوە. شیعری "نامەیەکی کراوە" لە گەل ئەوە کە شیعریکی خوشە و ئیمەش بە باشی دەزانین بخریتە بەر چاوی خوینەران، بەلام تووڵانی بوونی شیعرەکە و کەمی ئیمکاناتی ئیمە ریگای چاپی نەداین. چاوەروانی هاوکاری نیزیکتری ئیوەین.

● کاوه

دوو شیعری "هاورییان دەی" و "لەکی نامۆی..." بە دەستمان گەیشت. خوزگە هەولت دەدا مەزموونی شیعرەکانت بکەیتە چیروک. هەموو دەزانین جیگای چیروکی کورت لە بواری بابەتە کریکارییەکان دا هیشتا هەر خالییە. هیوا دارین کەسانی وەک ئیوە ئەم جیگایە پر کەنەوە.

● شیعریک بە ناوی "سەردان" بە دەستمان گەیشتوە، هاوریی شاعیر ناوی خوی لە ژیر نەنوسیوە. ئەگەریش نامەیەکی لە گەل بوبی گوممان کردوە. تکایە لە ژیر بەرهەمەکانتان حەتمەن ناوی خوتان بنووسن.

● نجم عبدالله

کورتە چیروکی "شینی حەمە بور بو پیزە و مانگا بور" بە دەستمان گەیشت.

● مام هوشمەند

چیروکی "کەپر" بە دەستمان گەیشت. پیویستە بلیین تا ئەو جیگایەی بومان بکری، ئیمە ئەم چیروکانە بلاو دەکەینەوە کە رەنگدانەوەی ژیان و بەسەرهات و ویست و داخوازەکانی خەلکی کریکار بیت. بە داخەوە چیروکەکەی ئیوە ئەم رەنگدانەوەیەی نیە. چاوەروانین بە شیوەی تر یارمەتیمان بدەی.

● سیاوەش گودەرزی

نامەکەت بە دەستمان گەیشت. چەند ژمارە پیشەنگ و پاشکویەك مان بو ناردی.

کومەلیک شیعر و شانو و چیروکی تریش بە دەستمان گەیشتوون. بە نامە و یا لە دیداریکی دوستانە دا وەلامی نوسەرانمان داوەتەوە. بە پیی توانا بو بلاو کردنەوەی بەرهەمەکانیان تیدەکوشین.

بەریزان

کـــاوە، کەریم.ن، ئیبراهیم.پ، وریا.ن یارمەتیەکانتان بە دەستمان گەیشت.

# نامەیەك

بو هاوڕییانی کانوونی هونەر و ئەدەبییاتی کریکاری ـ کوردستان.

ئاسۆ

لە ژمارەی ١٢ی پیشەنگ دا لە بەشی "دیداریک لە گەل شیعر و شاعیران" هاوری ناسری حسامی چەند سەرنجیکی گشتی لە سەر شیعر و شاعیران دەربریوە و شیعریکی منی کردوەتە جیگای سەرنجی رەخنەگرانە.

بویە منیش لە وەلامی رەخنەکەی هاوری ناسردا ئەم وەلامەم هەیە. سەرەتاش ئەم روونکردنەوەیە بە پیویست دەزانم:

شیعری "بو ئەوەی ئیتر برین نەبم" کە هاوری رەخنەی لیگرتوە، تایبەتە بە کارەساتیکی تایبەت. زور لە میژیشە رەوت و ریبازی پیشەنگم لا روونە. ئەزانم بە هوی هەندی محدودیەتەوە لەو گوفارەدا جیگای نابیتەوە. بویەش هیچ کات لە فکری رەوانە کردنی دا نەبووم. شیعری ناوبراو لە ریگەی چەند هاوریەیەکی ترەوە گەیشتوەتە دەستی هاوری ناسر.

ئەم شیعرە بە شیوەیەکی راستەوخو بلاو نەکراوەتەوە تاکوو ژمارەیەکی زور لە خوینەران ببینن. بویەش هەلبژاردنی چەند بەشیکی شیعرەکە، ئەوەی کە رەخنەگر بیەویت کاریک ئەکات کە خوینەری رەخنەکە لە گەل تەواوی سەرنجەکانی کاک ناسر دا موافق بیت. لە کاتیک دا لە زور شوینی سەرنجەکانیدا نیشانی نەبیکاوە. هاوریی رەخنە گر تەئکید لە سەر ئەوە ئەکات کە بە حوکمی بەرەو پیش چوونی بوارەکانی نووسین وەکو رومان ـ راپورت ـ چیروک ...:

"...ئەمرو ئیتر شاعیر کەمتر دەچیتە سەر ئەجزای انتزاعی یان هەر ناچی بەلکو مەفهوومەکە بە شیوەیەکی عام و گشتی بەیان دەکا..."

من لە گەل ئەو بوچوونەی رەخنەگردام.. بەلام نەک بو هەموو جوریکی شیعر. ئە مە زیاتر شیعری کورت ئەگریتە خوی کە کەم و پوختی و چری بابەتەکە لە خوی دا بنوینی، بەلام لە گەل شیعری دریژدا چیی ئەکری؟ داستانەشیعر و چیروکە شیعر چون ئەتوانری بابەتەکە بەو شیوەیە کورت بکریتەوە بی ئەوەی شاعیر بچیتە سەرچەند بە شیکی جانبی رووداوەکان، کە هەموویان وەک چەند جوگلە یەکی بچووک وان و ئەرژینە روباری بیری شیعرەکەوە و هەموو رووداوە جزئیەکان و رووداوی سەرکی شیعرەکە لە یەکیتیەکی بابەتی پتەودا کوئەکرینەوە. رووداوی شیعری ناوبراو کارەساتیکی بچووک نیە. شاعیر کارەساتی خاپوور کردن و خنکاندنی شاریک و شارنشینەکانی باس کردووە، تەنها بە یەک دیمەنی فاجعەکەوە نەوەستاوە.

سەرەتا شاری خنکینراو خوی ئەدوی، بە شوناسنامەی ون بوونی خویەوە، خوی بە دنیا ئەناسینی. پاشان گیرانەوەی رووداو لە زاری شاعیر خویەوە، ئەو جار هەلویستی کریکاری کورد سەبارەت بە کارەسات.

ئەمانە چەند لایەنیکی جوراو جوری کارەساتن بەلام توانراوە لە یەکیتیەکی بابەتی دا کو بکرینەوە. من پیم وایە حەلپاچینی لق و پوپی هەریەکە لەم رەگە زانە، نەک هەر ناوەروکەکە لاواز ئەکات بەلکوو پەیامی شیعرەکەش ناگەیەنی "غـەم و پەژارە لە شیعرەکاندا ئەوندە زورە کە قورسایی دەخاتە سەر هەموو شیعرەکە" ، "ئنیسان لە کاتی خویندنەوەی شیعرەکە دا هەست دەکات لە مەجلیسی پرسە و سەرەخوشی دایە و لە جیگای وا دا بیر کردنەوە لە شتی تر جیگای بو نامینیتەوە".

بو دەرخستنی ئەم بوچوونەیشی چەند بەشیک لە شیعرەکە دەهینیتەوە، پاشان دەنووسی"ئیمە لە کومەلگایەکدا دەژین کە هەر ریبواریک بە هەر کولانیکدا بروا روژانە دەتوانی لە هەزار لاوە دەنگی شیون و گریان ببیستی خوین و برین و مەرگ ببینی. دووپات کردنەوە و سەد پات کردنەوەی ئەم فەزایە لە شیعر دا بو چی یە؟"

لە جیگایەکی تریشدا ئاوا ئەنووسی:

"ئەگەر مەبەستی شاعیریک تەنیا گریاندن نەبی نابی ئەمە بکا... شاعیری وشیار ئەوەیە، واوەتر لەم واقعییەتە تالە بەر چاو بخاو خوینەر وا لی نەکا فرمیسک و بوغز و حەسرەت ئەوەندە بەری چاو و بیری بگرن نەهیلن سەری هەلبری".

١- ئەوەی هاوریی رەخنە گر دەلی کە هەر ریبواریک بە هەر کولانیکدا بروا شیون و گریان و برین ئەبینی، وانییە. تو بلیی ریبواریک بە کولانی مالە بورژواکاندا تیپەری نالە و گریان و شیون ببیستی؟ یان هیمنیەکی ئارام گرتوو کە بالی بە سەر گەرەکیاندا کیشاوە.

٢- سەبارەت بە واوەتر نەچوونی شاعیر و مانەوەی لە سنووری شیون و گریاندا منیش هەر پیم وایە. بەلام ئایا لای ئاسو ئەم شتە چونە؟ تو بیلی تەمی سەر دەریای فرمیسک و هاواری دایکی گریاوی کورپەی کویر بوو، بەری چاوی شیعری گرتبی و گویچکەی شیعری کەر کردبی؟

من تەنها ناو نیشانی شیعرەکە وەک بەلگەیەکی واوەتر چوون دینمەوە. "بـو ئـەوەی ئیتـر بـــرین نـەبـــم" لە ناو دەریای غەم و پەژارە و فرمیسک و ئازاردا بو ئەوەی سینەی شار و گوندی هیچ ئینسانی بریندار و ژەهراوی نەکری، هیچ ئینسانی نەکریتە مشکی تەقیگای سەرمایەداران چار چیە؟

ئاسو بانگەوازی کوتایی پی هینان بە هاوار و برین، بە پەیوەس بوون بە مارشی کریکارانی دنیا وە گری ئەدات و سنووری واوەتر نەچوون رائەمالی.

لە جیگایەکی تر دا وەک سەرەکی ترین هوکاری بلاو نەکردنەوەی شیعرەکە "لە دەربرینی رەوشنبینانەی بوچوونی کریکاری دا سەرکەوتوو نیە." کوتایی بە رەخنەکەی دینی.

سەرەتا با چاوی لەم شیعرە بکەین کە لە هەمان ژمارەی پیشەنگ دا بلاو کراوەتەوە و بەساپورتی دەرچوون لەو بوچوونەی سەرەوەی پیە.

ئیمە کور و کچانی
یەک دایک و بابی چینایەتی
خیلی کارین
لە بی دەرەتانی یەکیکدانا

گشتمان بەروکی خومان دائەدرین

هاوپشتـــــی

شیعری "کـــاوە"

تەنها چارەی هاوپشتی و هاو چارەنووسی ئیمەی کوران و کچانی یەک دایک و باوکی جینایەتی بریتیە لە دادرینی بەروکی خومان و گریان و خەفەت خواردن.

کاتی یەکیک لە هاو چارەنووسەکانمان دووچاری بی دەرەتانی دەبیت، ئەمە گریاندنە و واوەتر نەچوون.

با بینەوە سەر رەخنەکەی هاوری ناسر:

ستەمی کە لە گــەلی کـــورد ئەکریت، پایەی مادی ناسیونالیزمی لە کوردستاندا بەوجود هیناوە. بو چارە سەری ئەم کیشەیە بورژوازی کوردی چەندها حیزبی ناسیونالیستی دروست کردوە. تا بە ریگا چارەیەکی بورژوایانە چارەسەری بکەن. لەو لاوە چینـــی کـــــریکاری کوردستان وەک چینی تا سەر شورشگیری کومـــەل خوازیاری نەک تەنها سرینەوەی ستەمی میللیە، بەلکو تەواوی ستەمی کە لە کومەل دا وجوودی هەیە. ئاســـو لە زمانی کریکاریکی وشیاری شاری خاپوورکراوەوە لە بەرانبەر ناسیـــونالیـــزم دا ئەنتـــەر ناسیـــــونالیـــزم بـــەرز ئەجری و سروودی مەرگی قەل و دالان و ئینسان کوژان دەکاتە دوا خالی واوەتر چوون.

جانازانم قسەی کریکاری کورد لە سەر مەسەلەی میللی چیە لەوە زیاتـر؟ یانی گرتنە دەستی سوکانی بزووتنەوەیەک کە بە بی ئەو زیاتر ئەکلی و هەرەس دینی و میژووی بزووتنەوەکە ئەکاتە میژووی هەرەس و تا ئیستاش دریغی نەکردوە.

تو بلی لە روانگەی روشن بینانەی کریکارەوە سەرکەوتوو نەبووبی؟

ئاســـو - ١٩٩١/٨/٢٨

خوینەرانی بەریز!

لە پیشەنگی ١٢ رامان گەیاند کە لە کاتی چاپی نمایشنامەی "ریگای رولەکەم" شیعری ناو شانوکە، کە شیعری کاک ئەحمەد بازگر بوو، وە هەر وەها ئاخرین دیمەنی شانوکە نەهاتوون. لیرە دا ئەم کەم و کوریە راست دەکەینەوە.

شیعرەکە بەم شیوەی خوارەوە دیت:

پاش رویشتنی شەریف، کبری دەس دەکا بە خویندن و ئاوا دەلی:

ـ ئاخ ئەحمەد رولەکەم
جگەر گوشەکەم بینایی چاوم
مەحەمی دلەی پر لە زووخاوم

ئەی هیز و توانی روژانی سەختم
بەرهەمی ژینی پراو پر زەختم

زووکە بیرەوە کشت چاوەریتین
دل لە ناو مشتی وەرینگەی پیتین(٢)

ئەگەر دەمزانی لە کام زیندانەوە، ئازاد دەکری، ئیستا لەوی بووم.

رولەی سەربەرزم لە ناو خەلکی شار
لای هاو گەرەکی وەک ئیمە هەزار

دەزانی رولە دایکت بو وایە
چون توی سەربەرز پیی دلی دایە

دەگیانی دایە زوو بینە شادی
با تیر ماچت کەم من بە ئــــازادی

یانی بلیی ئەم جار لە گەل خومان لە سەر سفرەیەک بیبینین؟

رولە ئەو ماوەی تو لە بەندا بووی
لە نیو زیندانی بە تلبەندا بووی

من بوومه هاوریی هاوریکانی تو
پیم دەلین دایە، ئازیزانی تو

دەسا ئازیزی خوشەویستانت
دل چاوەریتە و بیتە قوربانت (۲)

موزیک

ئاخرین دیمەنی شانوکه بەم جورمیە:

دەنگی کولان و بازار

تەلعەت: درەنگ بکەمی شەرمەزاریان دەبم. چی بکەم هەر وا دەکەمی. ئەی ئەوە بوچی دەرگای مالی کاک شەریف و کبری داخراوە؟ ئەوەتا ئەوە مریم!
- مریم!
مریم: توی تەلعەت. ئەوە چی دەکەی؟
تەلعەت: هاتم بو لای کبری و کاک شەریف. ئەویش دەرگایان داخراو. نازانی له کوین؟
مریم: له مالی نەجمەن. مەجلیسەکە لەوییە. مالی خویان چکولەیە. خەلکیش زور هاتووچوویان دەکەن من دەچمە ئەوی. بچین بزانین جیمان دەبیتەوە بچینە ژوور.
تەلعەت: ئەوە چیە پیت؟
مریم: گول ئەستیرەیە. کبری چ کوریکی له دەس دا.
تەلعەت: ئیمە بو نالیی . لەوەتی ئەحمەد هات و چووی مالی ئیمەی دەکرد میردەکەم تەواو گورا بوو. مریم! مریم! گولەکە بشارەوە. ئەو پاسدار هاتن.
پاسداری ۱: خواهر لیره چ دەکەن؟
مریم: بو؟ قەدەغەیە لیره بین؟
پاسداری ۲: بو هەندیک کەس ئەری. ئەوە چیە بە دەستتەوە؟
مریم: گـــولە.
پاسداری ۱: چیە، دیسان مەراسمە؟
مریم: بەلی مەراسمە.
پاسداری ۱: ئەو جەماعەتە بو مەراسم کوبوونەتەوە؟ مەگەر ئیمە نەمان کوتووە ئیجازەی مەراسم نیە؟
مریم: کەس نەهاتووە ئیجازە له ئیوە بگری تا بزانی ئیوە دەلین چی.
پاسداری ۲: که ئیمە دەلین ئیجازە نیە یانی نیە. تەواو. حالی بووی؟
مریم: ئیوە زور شت دەلین نابی ببی و هەیە.

پاسداری ١: ئەگەر حەملەمان پی کرد چی؟

مریم: لەو حەملە مەعرووفەکانتان. خوزگە بویرن بیکەن. بزانم چون کەولتان دەکەن. بەردە بارانتان دەکەن.

پاسداری ٢: یانی دڵیی ناویرین؟

مریم: ئیوە خوتان باش دەزانن کوی خورەی ئاوی لی دی. با بروین تەلعەت.


تەلعەت: بڵیی حەملە نەکەن؟


مریم: ئەگەر بیان ویرابا تا ئیستا دەیان کرد. دەچوونە سەر مەراسمەکە. بو چی لە قەراخەوە لە دواینی من و تو رو دەهاتن. ئەوەتا ئیرەیە. ئادەی. ئەوە کبرایە قسە دەکا. تەماشا چون داگیرساوە.

(شلووقی)


. . ئەگەر ئەبینن ئاوا خەمبارم هی ئەوەیە روڵەی زورم لە دەس داوە. ئاخر من تەنیا خوم بە دایکی ئەحمەد نازانم. خوم بە دایکی هەموو ئەو کەسانە دەزانم کە لە سەر ریگای ئەحمەدن. چ ئەوانەی سەربەرزانە شەهید بوون و چ ئەوانەی هەن و موبارزە دەکەن. دەزانم ئیوە هەمووتان هاو خەمی منن. ئەوە باری خەم لە سەر شانم سووک دەکا. ئیحساس دەکەم بو دریژە پیدانی ریگای ئەحمەد، روڵەم زورە. ئیمە زورین. لە قووڵایی دڵمەوە سپاستان دەکەم. لە چاوی هەمووتان دا چاوە گەشەکانی ئەحمەد دەبینم. جیگای ئەحمەدم بو بگرنەوە. جیگای ئەحمەدم بو بگرنەوە با بە ریگاکەی دا بڕوین.

ســـــروود





بلاوكراوەنەوە :




**بەرهەمی هونەری**

شیعر چیرۆك شانۆگەری وێنە

كاریكاتێر و...بۆ **پێشەنگ** بنێرن.

۵۰ تومان